گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن

Journal of University of Raparin.

مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper4

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 20/06/2023

ڕێکەوتی پەسەندکردن: 18/07/2023

ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/04/2025

# بنەما سەرەکییەکانی گۆرانی و موزیک و پەیوەندییان بەئەدەبی منداڵان و بونیادی زانینی منداڵ لە پەروەردە و فێرکردندا

**چیایی کمال سعدی[1] - دلاوەر موستەفا محەمەد[2] - پ.د. ناصر هاشم بدن[3]**

nasserbadan60@gmail.com - dlawer.muhammad@su.edu.krd - chiey.saddi@su.edu.krd

[1+2] بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[3] بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی بەصرا، بەصرا، عیراق.

## پوختەی توێژینەوە

گۆرانی و موزیک، بەشێکی گرنگن لە پێکهاتەی ژیانی مرۆڤایەتی و پەیوەندیان لەگەڵیدا بەردەوامە، واتە مرۆڤ پێش ئەوەی درک بەزانست و زانیاری و خوێندن و نوسین بکات درکی بەبونی هونەرەکان بە گشتی و گۆرانی و موزیک بەتایبەتی کردوە، هەمیشە ئاواز و ڕیتمە موزیکییەکان لەگەڵ خوێنی بزاون، ئەم ڕاستییەش لە منداڵدا زۆر بەڕونی هەستی پێدەکرێت، هەروەک چۆن منداڵی ساوا کاریگەرە بەڕیتم و ئاواز (لای لایەی دایک)، ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە منداڵ سۆز و خۆشەویستی و ئارامی و حەزەکان لە نێو ئەم هونەرە زوتر دەدۆزێتەوە و بەشێک لە پێداویستییە ڕۆحیەکانی خۆی پێ پڕدەکاتەوە بەبێ ئەوەی مەبەستی بێت.

گۆرانی گوتن (چڕین) بەمانا سادەکەی یەکێکە لە گرنگترین زمانە هەستی و سۆزییەکان، مرۆڤ ئاشنایەتییەکی تەواوی لەگەڵ پەیداکردوە، مرۆڤ هەر لە سەرەتای دروستبونییەوە خودا بەهرەیەکی مەزنی پێی بەخشیوە و کردویەتی بە خاوەن ئامێرێکی دەنگی تەواو کە (قورگ)ە، بۆیە بەهۆی سادەیی ئامێرە موزیکییەکان و نەشارەزایی بونیان تێیدا مرۆڤ هەوڵی داوە بە قورگ ئەم دەنگانە دەربڕێت کە لەسروشتەوە گوێبیستیان دەبێت، هەرچەندە مرۆڤ نەیتوانیوە لە سەرەتادا زۆرێك لەم دەنگانەش وەك پێویست دوبارەبکاتەوە، بەڵام بەهۆی لاسایی و بە یارمەتی قورگی توانیویەتی هەوڵێکی باش بدات بۆ بەرەو پێشچونی ئەم لایەنە و تێرکردنی غەریزەکانی.

بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەمە یەک لەدوای یەکەکان و پێشکەوتنی شارستانیەت و گەشەی زانینی و هزری تاک ئەم گۆرانیە بۆماوانەی کە دەماودەم و پشتاوپشت ماونەتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گۆڕاون بۆ نوسراو و بەشێکی گرنگ ئەدەبیاتی لەسەر بناغە کراوە و بەپێی قۆناغ و تەمەنی تاکەکانیش جیاکراونەتەوە و بابەتەکانیان ڕێکخراون، ئەدەبی منداڵانیش بێگومان کە بەشێکی گرنگە لە ئەدەبیاتی گشتی گرنگیەکی یەکجار زۆری پێدراوە لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و ڕۆژئاوا بەتایبەتتر، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەوەکان لە ڕێگای ئەم ئەدەبە نوسراوە دەتواندرێت پڕ زانست و زانیاری بکرێن بە مەبەستی سودگەیاندن لە دوارۆژ بۆ نەتەوەکانیان.

**کلیلە وشەکان:** گۆرانی، موزیک، ئەدەبی منداڵان، پەروەردە، فێرکردن، زانینی منداڵ.

# The main principles of song and music and their relationship to children's literature and the foundation of children's kowledge in education and Teaching

Chiey kamal saadi[1] - Dlawer Mustafa muhamad[2] - Naser hashm bdan[3]

[1+2] Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
[3]Department of Music, College of Fine Arts, Basra University, Basra, Iraq.

## Abstract

Song and music are important parts of human life and have a constant relationship with each other. This means that people before they understand science, knowledge, reading and writing, they have understood the existence of the arts in general, song and music in particular. Always, the melodies and rhythms of the music move within blood. This fact is very clearly felt in children. As a babies affected by rhythm and music like (mother's lullaby). This means that, children find love, peace and desires quickly in this art. He uses it to satisfy some of his spiritual needs as they intend.

Singing is one of the most important emotional languages. human has become fully familiar with it. From the very beginning of creation, God gave human a great talent and made them the owner of a complete sound instrument which is (throat). Therefore, due to the simplicity of musical instruments and their inexperience, people have tried to express these sounds by throat that they hear in nature. At the beginning, they were unable to repeat many of these sounds properly. However, by having throat, they have been able to make a good effort to improve aspects and satisfying instincts.

According to the changes of successive eras, the progress of civilization, the development of knowledge and intellect of the individual. These songs have remained from generation to generation changed to manuscript. An important part of the literature is based on it, they organized according to the stage and age of the individuals.

Children's literature is an important part of general literature. It has been given great importance in the East in general and in the West in particular. It's because of that, generations can be educated through this written literature. In order to advantage their nations in the future.

**Key words:** Songs، music، children's knowledge، education، Teaching

## ١-پێشەكی

قۆناغ و سەردەمی منداڵی بە گرینگترین قۆناغ لە ژیانی تاک هەژماردەکرێت، لەم قۆناغەدا داهاتوی ژیان بەرجەستە دەبێت و تایبەتمەندییەکانی تاک بنیاددەنرێن **و گەشەكردن لە زانینی** منداڵ پەرەدەسەنێت، منداڵ لەم قۆناغەدا پێویستی بە زۆرترین بە شداریکردن هەیە لە گەشەکردنی بوارە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتی (فیزیکی، هزری،

کۆمەڵایەتی، سۆزیی، دەرونی)، بۆیە موزیک وەک پێویستییەکی زۆر گرنگ لە ژیانی منداڵ دەتواندرێت بیێ بە شوێنگرەوە، هەروەها تەواوی ئەم پێویستیانەش لەخۆدەگرێت و تەواوکەرێکی زۆر باشیش دەبێت بۆسەرکەوتنی ئامانجە پەروەردەییەکان، چونکە موزیک دیاردەیەکە لە سروشتی هەمو منداڵێک بەدیدەکرێت تەنانەت لە منداڵە تازە لەدایکبوەکانیش زۆر بەڕونی ڕەنگدانەوەیان هەیە و ئارامکەرەوە و وزەبەخشێکی زۆر کاریگەرە لە سەریان، بەبێ جیاوازی لە نێوان ڕەگەز، ڕەنگ، ئاین، چینی کۆمەڵایەتی...تادوایی.

**کێشەی توێژینەوە** : کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە گرنگینەدانە بەموزیک لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان، لە کاتێکدا منداڵ لە سەرەتای لە دایکبونیەوە هەستیاری بە فریکوێنسی موزیکی هەیە و بەئاوازی هێمن و لەسەرخۆ، منداڵ ڕێنمایی دەکرێت بۆ خواردن و خەوتن، کاتێکیش میلۆدیەکە (ئاواز) شکست دەهێنێت، ڕیتم (ایقاع) دەبێت بە شوێنگرەوە، بە لێدانێکی بەردەوام لە ڕێگەی قاچەوە یان دەست لەلایەکی بێشکە ئامانجەکان دەپێکێندرێن و هێورکردنەوەی منداڵەکە بەڕونی هەستی پێدەکرێت. کەواتە دەتوانین بڵێین موزیک بەیەکەم کەرەستە و پێداویستیە سەرەتاییەکانی سەرەتای دەستپێک هەژماردەکرێت کە منداڵ وەریدەگرێت لەم کاتەی دەبێتە بەشێک لە تەواوکەری دونیای گەورەکان، هەستکردن بەدەنگ و لێدانە ئاساییەکانیش لە منداڵەکە پاش لە دایکبونی بە یەکەم مەنۆلۆگی تازە لە دایکبون هەژمار دەکرێت کە جگە لەم ئاواز و موزیکانە هیچی تر بونیان نییە لای ئەم.

**ئامانجی توێژینەوە :** ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لە بەکارهێنانی موزیک، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بەهایە دەرونیی و پەروەردەییە کە بەزانیاری و ڕاستی و لێهاتویی موزیکی و مەیلی جوانکاری و ئاراستە هونەرییەکانییەوە بەشداری لە گەشەی زانینی لە بونیادی زانینی منداڵ دەکات. ڕۆڵی موزیک سنوردار نییە بۆ پەرەسەندنی لایەنێکی گەشەکردن بەبێ لایەنێکی تر، بەڵکو کاریگەرییەکانی موزیک درێژ دەبێتەوە بۆ بوارە جیاوازەکانی وەک: جەستەیی، دەرونی، سۆزداری، کۆمەڵایەتی و گشت تەمەنە جیاوازەکان دەگرێتەوە لە تاک بە گشتی و منداڵ و هەرزەکارەکان بە تایبەتتر.

**گرنگی توێژینەوە** : گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بواری موزیک بۆ توانای بەشداریکردن لە پەرەسەندنی لایەنی جەستەیی و هەستەوەرەکان، هەروەک یارمەتی گەشەی هەستی بیستن دەدات بە ڕاهێنانی گوێچکە بۆ ئاسان جیاکردنەوە و بڕیاردان لە جیاوازی دەنگەکان لەڕوی تیژی و گڕی، لێکچون و لێکنەچون، بەرزی و نزمی، موزیک بەشدار دەبێت لە پەرەسەندنی گەشە و جوڵەی ماسولکەکان و جوڵەی بەشەکانی جەستە، جۆرێک لە هارمۆنی لە چالاکی جەستەییدا دروست دەکات، بەشدار دەبێت لە پەرەسەندنی کایەکانی زانینی منداڵ لە ڕێگەی پەرەسەندنی هەستی و هەستەوەرەکان بە بەراوردکردنی کاری چێژوەرگرتن لە موزیکی کوالێتی بەرز، لاواز، لێکچو، هەروەها توانایی چاودێریکردن و پەرەدان بە چڕیی سەرنج، (درک) لە پەیوەندییەکان و پەرەپێدانی میلۆدی و بڕگەی ڕیتمی دەدات کە یارمەتیدەرن لە پەرەسەندنی توانایی داهێنان و زیادکردنی زانیارییەکان لەلای منداڵ.

**گریمانەی توێژینەوە** لە دو پرسیاری سەرەکی خۆی دەبینێتەوە کە ئەمانەن:

یەکەم: گۆرانی و موزیک کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەبونیادی زانینی منداڵ دەکات و بەشدارە لەبەرەوپێشبردنی لایەنەکانی ڕۆشنبیری و هزری منداڵ.

دوەم: گۆرانی و موزیک چارەسەرن بۆ کێشەکانی دەرونی و جەستەیی و ڕەفتاری تاک بە گشتی و منداڵ بەتایبەتی.

**مێتۆدی توێژینەوەکە** مێتۆدی بەکارهاتو لەلێکۆڵینەوەکەدا بریتییە لەشێوازی مێژویی وەسفی بۆ خستنەڕوی بابەتەکان و شرۆڤەکردنیان.

## ٢,١ پێناسەی چەمکەکان

**١,٢,١ گۆرانی:** بەپێی شیکردنەوەی أحمد الهاشمي گۆرانی واتای چڕینی هۆنراوە و دەقە ئەدەبیەکانە، دەڵێت گۆرانی بەشێکە لە پێکهاتەی بچوک بچوکی موزیک و گونجاوە لەگەڵ دەنگی مرۆڤ و زۆر جار یاوەری دەکرێت بە ئامێرە موزیکییەکانیش. هەروەها أحمد الهاشمي دەڵێت گۆرانی جۆر و شێوازی زۆری هەیە، لەوانە: (گۆرانی میللی، گۆرانی فۆلکلۆری، گۆرانی دانراو... تادوایی (الهاشمي، ١٩٧٩: ٩١).

**٢,٢,١ موزیک:** موزیک زانست و هونەر و زمانە، واتە زانستی موزیک هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ زانستەکانی بیرکاری و فیزیا و ئەندازیاری لە ڕوانگەی زانستیەوە، تەنها لە ڕوانگەی هونەریەکەوە نەبێ کە دەتوانین شیبکەینەوە (حداد، 1979، 2). موزیک وەک چەمک: ناوی موزیک لە ناوی موزێی یۆنانیەوە هاتوە. بەڵام لە ڕوانگەی میتۆلۆجیەوە، واتا بەگوێرەی داستان، موزێ نۆ خواوەندبون، کە هونەرەکانیان دەپاراست، خواوەندی ئێوتێرپێ (Uterpy) وەک پارێزگاری موزیک بوە، کە بەدو فلوت دەستنیشاندەکرا. وشەی موزیک لای هەرمیللەتێک بە جۆرێک دەردەبڕدرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی دەربڕین و وەرگێڕانی چەمکەکە لە گریکییەوە بۆ زمانەکانی تر، وەک ئنگلیز=میوزیک، ئەڵمان=موزیک، ئیتاڵی=موزیکا، عەرەب=مۆسیقا، کوردی سۆرانی=مۆسیقا کە لە عەرەبیەکەوە وەرگیراوە، کوردی کرمانجی=موزیک (ئازید، ٢٠١٦: ٢٧).

**٣,٢,١ ئەدەبی منداڵان:** زانایانی بواری ئەدەبی هاوڕان بەوەی ئەدەبی منداڵان بەشێکی جیانەکراوەیە لە ئەدەبی گشتی و ناتواندرێت پێناسەیەکی تایبەتی بۆ هەڵبژێردرێت، ئەوەی کە جیاشی دەکاتەوە لە ئەدەبی گشتی ئەوەیە لەم جۆرەیان نوسەر بەپێی تەمەن و تێگەیشتنی هزری منداڵان بابەتەکان دادەڕێژرێت و دەگونجێندرێت لەگەڵ هەرقۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان. (الهيتي، 1977، 12).

**٤,٢,١ پەروەردە:** شیکردنەوەی چەمکی پەروەردە گۆڕانکاری بەسەردێ بەگوێرەی ئەم چونە فەلسەفیانەی کە مرۆڤ دەیانگرێتە بەر بۆ پەروەردەکردنی نەوەی داهاتو، گرتنەبەری ئەم ڕێگاو شێواز و کەرەستانەی کە بەکاریاندەهێنێت بۆ گەیاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و بیروبۆچونە زانستی و پەروەردەییەکان لە هەربوارێک لە بوارەکاندا. (تاكر، 1999، 17).

**٥,٢,١ فێرکردن:** فێرکردن وەک چەمک واتای نیمچە گۆڕانکارییەکی بەردەوام لە ڕەفتاری تاک دەگەیەنێ کە لە ئەنجامدا دەبێتە گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی هەر تاکێک. هەروەها وەک هەوڵدان و ڕاهێنان و پەرەسەندنی بیر و هۆش و هزریش دێت. (حلاوة، 2000، 21).

**٦,٢,١ زانینی منداڵ:** زانینی منداڵ ئاماژەیە بۆ تێگەیشتنی شتێکی دیاریکراو لەلایەن منداڵ و یارمەتیدەردەبێت بۆ گەیشتنی منداڵەکە لەوەی کە مەبەست لە قسەکردن یا نوسین چییە، ئێمە تێناگەین مەبەست لە قسەکردن چییە ئەگەر زانینمان نەبێت بۆ بابەتە دیاریکراوەکە، بۆیە جیاوازی نێوان نکۆڵیکردن و زانین لەوەدایە کە نکۆڵیکردن خۆی لە خۆیدا ئاماژە بە دڵنیاییەک دەکات، واتە گوێگر دەزانێت تۆ دەربارەی کێ قسە دەکەیت و دەنوسیت واتە بابەتەکان دیاریکراون، بەڵام لەزانین دەبێت تەواو مەبەستەکان ڕونبکرێنەوە و زانیاریەکان تەواو جێگیر و ڕونبن بۆ ئەوەی بەڕاست و دروستی زانیارییەکان جێگیربکرێن و لەیادگاو هزردا بچەسپێن، هەرکاتێکیش ئەم کردارە ڕویدا ئەوا زانین دروست دەبێت لای تاک بە گشتی و منداڵ بە تایبەتتر. (يوسف، 1998، 13).

**٣,١ سنوری لێکۆڵینەوە:** سنوری توێژینەوە پێکدێ لە:

**١,٣,١ سنوری شوێنی:** هەرێمی کوردستانی عیراق – شاری هەولێر.

**٢,٣,١ سنوری کاتی:** ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٢٠ دەگرێتەوە.

**٣,٣,١ سنوری مرۆیی:** منداڵانی تەمەن (٦-١٢) ساڵان دەگرێتەوە، واتە فێرخوازانی قۆناغی فێرگە سەرەتاییەکان.

**٤,٣,١ سنوری بابەتی:** تایبەتە بە (بنەما سەرەکیەکانی گۆرانی و موزیک و پەیوەندیان بە ئەدەبی منداڵان و بونیادی زانینی منداڵ لە پەروەردە و فێرکردندا).

## ٢. چوارچێوەی تیۆری:

### ١,٢ پەیوەندی نێوان پەروەردە و موزیک

گۆرانی و موزیک وەک هۆکاری کامڵبونی منداڵ هەژماردەکرێت لە لایەنی گەشەی جەستەیی، سۆزداری، هزری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری... وادەکات زانینی منداڵ فراوان بێت و ببێ بە خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز. ئەمانە گشتیان ڕێگاخۆشکەر بون بۆ زانایانی پەروەردەیی لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە، هەروەها بون بەهۆکاری بیرکردنەوە و بەکارهێنانی گۆرانی و موزیک لە نێو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەرلەسەرەتای دەستپێکی تەمەنی منداڵ تا کامڵبونی و بەردەوام بونی تا کۆتا هەناسەی وەک خویەکی باش، لە ڕاستیشدا یۆنانەکان لە١٤٧ ق.م، درکیان بەم ڕاستیانە کردبو و گۆرانی و موزیکیان وەک بەشێک لە پەروەردە و فێرکردن بەکارهێنابو و هونەرەکانیان بەزانست وەک هەر زانستێکی تری وەک ماتماتیک و فیریا... هەژماردەکرد. کەواتە پەیوەندی گۆرانی و موزیک لە پەروەردە و فێرکردن پەیوەندیەکی لێکجیانەکراوەیە، هەمیشە موزیک و پەروەردە پشت بەیەک دەبەستن بۆ تەواوکردنی یەکتر یارمەتیدەری سەرەکین لە بونیادی تاک. (زلط، 2005، 33).

فەیلەسوفەکانی وەک هیگڵ، جوتە، کانت... وتەی جوان و کاری جدیان لەسەر پرسی گۆرانی و موزیک و پەروەردە و فێرکردن کردوە بەتایبەتی (ئەفلاتۆن) کە لای وابو دەبێ دەوڵەت چاودێری چڕی موزیسیانەکان بکات، چونکە ئەوان کاریگەریان هەیە لەسەر دروستکردنی کۆمەڵگایەکی باش و داهێنەر یا بەپێچەوانەوە خراپ و دواکەوتو و شەڕانگێز و لادەر لەبەهاکان. هەروەها زانایانی پەروەردەیی سویسری پێیانوایە موزیک یەکێکە لە پێداویستییە گرینگەکانی دروستکردنی کەسایەتی سەربەخۆیە لە منداڵ، بۆیە بستالوتز (Bstaluzy) هاوڕایە لەگەڵ بیردۆزەکەی ئەفلاتۆن کە دەڵێت: (جوڵەی ڕیتمی لە موزیکدا هاوشێوەی تەزوی بەردەوامی کارەبا وایە بۆ گەشەی هزری و ئارامی و هاوسەنگی دەرونی و هێزی ماسولکەیی لە جەستەی منداڵ)، و (فرویل)٣ ئەڵمانیش پێی وایە جوڵە ڕیتمیەکان و هونەری شێوەکاری دو تەوەری سەرەکین بۆ کامڵ بونی عەقڵ و هۆش و هزر منداڵ لە تەمەنی سەرەتای دەستپێکی ژیانی پەروەردەیی بۆ دروست بونی تاکێکی سەرکەوتو و کامڵ. (رضا، 1993، 52).

جان جاکرۆسۆ (Jean-Jacques Rousseau)٤ ، بەشێوازێکی جیاوازتر لەمانی پێشخۆی گرنگ تەواوی بە دۆزینەوەی جۆر و شێواز و شێوە دەنگییەکانی موزیکی داوە، ڕای وایە ئەم شێوە دەنگیانە لە پەروەردەدا لە گشت قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن دەبنەهۆی ئەوەی منداڵان بتوانن لە ڕێگایانەوە هەستەکانی ناخیان دەربڕن. ئەم جۆرە موزیکانەشی لە گۆرانیە فۆلکلۆریی و میللییەکان و موزیکە ڕەسەنەکان دۆزییەوە کە بەزمانی دایک بە سادەترین شێوە وتراون. کەوابێ موزیک وەک هونەر، کاریگەری زۆر لە ناخ و هەست و کەسایەتی تاک دەکات جیا لە بواری پەروەردەییەکەی هەروەک چۆن زانایانی بوارە جیاجیاکان خۆێندنەوە و شیکردنەوەی زۆریان بۆ ئەم بوارە کردوە، لەمانە چارلس داروین ( Charles Robert Darwin) لە توێژینەوەکانی زۆر جەخت لە گرنگ موزیک و چۆنیەتی سەرهەڵدان و تێگەیشتنی موزیک و کاریگەریەکانی لەسەر مرۆڤ و گیانلەبەرەکانیش دەکاتەوە، داروین دەڵێت: (ئەگەر جارێکیتر دەرفەتی ژیانم پێ بدرابایەوە ئەوا بەرنامەیەکی پوختم بۆ وانەی موزیک دائەنا، بەلای کەمی هەفتەی جارێک موزیکم ئەنجام دەدا، بۆ مانەوەی هزر و بیرۆکەکانم بەزندویەتی). واتە داروین ئامۆژگاری نەوەی داهاتو دەکات بە تەرخانکردنی کات بۆ گۆرانی و موزیک و جێبەجێکردنی هونەر بە گشتی، زۆر پەشیمان بوە لەوەی کە نەیتوانیوە زۆرترین کات بۆ گۆرانی و موزیک تەرخانبکات سەرەڕای ئەم هەمو توێژینەوانەشی کەلەم بوارە کردویەتی بۆیە دەڵێت گەر جارێکیتر ژیانم دوبارەبێتەوە پلانێکی تۆکمەتر

دادەڕێژم کە بەلانی کەم ئەم بیردۆز و داهێنانەی لەناخ و لەدەرون و وژدانم هەن بیانگۆڕم و دەریانبخەم بە گۆرانی و موزیک و بمابوانەوە بۆ کاتێکی زیاتر، بەم مەبەستەی کە سودی زیاتری دەبو بۆ کۆمەڵگە و بەگۆرانی و موزیک پەیامەکە باشتر دەگات و کاریگەری زیاتری دەبێت.(ناصر، 2011، 9).

موزیک وەک زانست، زیاتر کار لەسەر دەربڕینی دەنگەکان و توانای دەنگی و کاریگەریی دەنگە، لە بەرزی و نزمی دەنگەکە و ماوەی خایاندنی دەنگەکانە و چۆنیەتی گونجاندنی ئەم دەنگانە لەگەڵ یەکتر بە مەبەستی گەیاندنی زۆرترین زانیاری لە کەمترین کاتدا، ئەمە هەر لە کۆنەوە زاناکانی بواری پەروەردەیی و زانست و زانیاری جەختیان لە گەیاندنی زانیاری بە کەمترین کات و تێچو و ماوە کردۆتەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکان بەگشتی و بواری پەروەردە و فێرکردن بە تایبەت تر، ئەم ئامانجەش بە ڕێگای بەکارهێنانی موزیک لە پرۆسەی پەروەردەدا بەدیدێت جیا لە گشت زانستەکانی تر. گۆرانی و موزیک وەک زمان ئەگەر سەیر بکرێت بە باشترین زمانیش هەژمار دەکرێت، چونکە زمانێکی جیهانیە بە جیاوازی لەگەڵ گشت زمانەکانی تر، گشت ناوچە و وڵات و نەتەوە و کۆمەڵ و تاکێک تێیدەگات وە کاری پێدەکەن، هەربۆیەش بتهۆڤن دەڵیت: (گۆرانی و موزیک بازنەیەکن لایەنی جەستەیی بە لایەنی ڕۆحی دەبەستنەوە)، چونکە تاکە زمانە کەبتوانێ دەربڕین لە گشت بوچون و هەستە خۆش و ناخۆشەکانی ناخی مرۆڤ بکات. هەروەها (ئەفلاتۆن) زیاتر جەخت لە گرنگ گۆرانی و موزیک و بەکارهێنانیان دەکاتەوە و دەڵێت: (هیچ کەسێک ناتوانێ بژیت بەبێ موزیک)، هێربێت سپێنسریش هاوڕایە لەگەڵ بۆچونەکانی ئەفلاتۆن و دەڵێت: (ئاستەمە بەبێ موزیک بتواندرێ ژیانێکی تەواو بژیت). (ئەمین، ٢٠٠٩، ١١).

## ٢,٢ ئامانجە پەروەردەییەکان و گرینگییان لە تەمەنی منداڵدا

بەشێوەیەکی گشتی دو ئامانجی سەرەکی لە پەروەردە و فێرکردندا بونی هەیە ئەوانیش بریتین لە ئامانجە پەروەردەییەکان و ئامانجە هونەرییەکان، کە لەخوارەوە تیشک دەخەینە سەریان و خوێندنەوە و شرۆڤەیان دەکەین:

### ١,٢,٢ ئامانجە پەروەردەییەکان

ئامانج لێیان گرینگیدانە بە پەتەوکردن و کامڵکردنی گەشەی منداڵ لە لایەنەکانی جەستەیی، دەرونی، سۆزی، هزر، زانین، کۆمەڵایەتی... بەمەبەستی پێگەیاندنی تاکێکی سەرکەوتو و بەهێز بۆ خزمەتکردن، وەک هاونیشتیمانییەکی دڵسۆز و کارامە، هەروەها دروستکردنی تاکێک، کەلە توانا و جوانییەکانی گۆرانی و موزیک و چێژی هونەری بزانێ و باش و خراپ و بەرهەمی ناوازە لە بەرهەمی کرچوکاڵ جیابکاتەوە. تاکێک بتوانێ لایەنی جوان ناسی و جوانیەکانی نێو بەرهەمەکان ببینێ و هەستیان پێبکات و کاریگەربیت پێیان، هەمو ئەمانەش لە تەمەنی سەرەتای دەست پێکی تاک دەبێ واتە تەمەنی منداڵی و لە ڕێگای گێڕانەوەی سەربوردە و جوڵە و یاریە موزیکییەکان و خستنەڕوی ناوەڕۆکی گۆرانییەکانی منداڵان و سرودە نیشتیمانییەکان دەتوانرێ ئامانجە پەروەردەییەکان بپێکین. (جەمیلە جەلیل: ١٩٩٨، ٩).

گرینگیدانی زۆر بە بابەتە موزیکییەکان لە پەروەردە و فێرکردن و بەکارهێنانیان وەک سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی دەستکەوتنی زانیاری و زانست لە نێو ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن، بۆ مەرامی بەهێزکردن و دروستکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئاین... هەروەها دروستکردنی ڕۆحی یارمەتیدان لە نێو منداڵان و زانینی گرنگی یارمەتیدانی یەکتر و کاری بەکۆمەڵ و هەستکردن بە گرنگی تاک لە نێو کۆمەڵ و کرینگی کۆمەڵیش لە ژیانی تاک دێت. پەروەردەکردنی منداڵ بە گرینگیدانی زیاتر و پاراستنی یەکرێزی خاک و نیشتیمان و نەتەوە و ئاین و بەرهەمە میللی و فۆلکلۆرییە کۆنەکانی میللەتەکەی و ناساندنیان بە جیهانی دەرەوە، هەروەها مومارەسەکردنی گۆرانی و موزیک، بە ژەنین

و گوێگرتن و نوسین و داڕیشتنەوەیان لەکاتی هەبونی کاتی زیدە و خۆسەرقاڵکردنیان لەبری کات بەفیڕۆدان بەشتی ناپەروەردەیی و نازانستی مەرامێکی تری پەروەردە و فێرکردنن. (الجویني، 1982، 36).

## ٢,٢,٢ ئامانجە هونەرییەکان

پەروەردەی موزیک بەشێکی گەورە و فراوانی داگیرکردوە لە لایەنەکانی پەروەردە و فێرکردن، لق و بەشی جیا جیای لێدەبێتەوە و ئامانجی جیاجیا دەپێکن لە گەشەی تاک لە نێو کۆمەڵگا، یەکێکیش لەم بەشانەی پەروەردەی موزیک جوڵەی ڕیتمیە (الایقاع الحرکي)، بەشێوەی جۆرەها یاریکردن منداڵانی پێ ئاشنا دەکرێت، لەمانە/ جوڵانەوە لەگەڵ چیرۆک، جوڵانەوە لەگەڵ سرودەکان، لەگەڵ گۆرانی بەکۆمەڵ لەگەڵ تیپە موزیکییەکان...تادوایی، گرنگ جوڵە ڕیتمییەکان پێشینەی زۆر مێژوییان هەیە هەرلە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیەوە تا ئەمڕۆ، چونکە مرۆڤی سەرەتایی لە سەرەتای ژیانیەوە درکی بەجوڵەی لەشیکردوە و لەڕێگەی ڕێکخستنی جوڵەکانی توانیویەتی پێشکەوێت و بگات بە ئاستێکی دیاریکراوی ڕۆشنبیری. هەر ئەمەشە لە منداڵ دوبارەدەبێتەوە و منداڵ لەسەرەتای تەمەنی بە جوڵە دەست پێدەکات تا دەبێتە هۆی پتەوبونی ماسولکەکانی و دواتر دەتوانی لە ڕێگەی هزرەوە کۆنتڕۆڵی جوڵەکانی بکات، وەک ئەمەی کە دەیەوێت وابکات، دوای ئەمەش لە قۆناغێکی تری ژیانی زیاتر درک بەتواناکانی دەکات و لەڕێگەی جوڵە موزیکییەکانیەوە دەربڕین لە ناخ و ناوەڕۆکی شتەکان دەکات. واتە ئەم جوڵە ڕێکە بوە هۆی پێشکەوتن و پێشوەچونی لایەنی جەستەیی و هزری و کۆمەڵایەتی. (ابراهيم، 1997، 22).

گەشەسەندنی توانای هەستەوەرەکان لای منداڵ هەر لە سەرەتای دەست پێکی لە ژیانی قوتابخانەدا لە ڕێگەی ڕیتم و گۆرانی قەتابخانەکان دەبێت، هەستی بیستن و درک کردن بەتایبەتمەندی موزیکی و چێژوەرگرتن لێیان بە واتای تەندروستی باش دێت لەتاک، چونکە بیستنی ڕێک پەروەردەی ڕێک دەهێنیتە کایەوە، کە پەروەردە و بیستنیش ڕێکبێت واتای تێگەیشتن و خوێندنەوەی باش و ڕێک دەدات لە منداڵ، ئەمانەش بە یەکێک لە کایە سەرەکیەکانی دروستکردنی کۆمەڵگەی ڕێک دێن و لەڕێگەی خوێندنەوە و نوسین و موزیک بە شێوەیەکی سەرەتایی و سانایی لە سەرەتادا ئەنجام دەدرێت.

## ٣,٢ دەنگ و دەربڕین

دەنگ بۆ مرۆڤ گرنگە، چونکە هیچ هۆکارێکی وەک ئەو بەهێز نییە کە مرۆڤ بتوانێت لە ڕێگەیەوە وا بەئاسانی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر ببەستێ، دەنگ هۆکارێکە لە ڕێگەیەوە چەندین زانیاری کەسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی، سیاسی، تەنانەت سۆزداریش دەگوازێتەوە بۆ بەرامبەر، لە ڕێگەی دەنگەوە مانا و بیرۆکە جیاوازەکان لێک دەبەسترێنەوە، بەرهەمهێنانی دەنگ پرۆسەیەکی تەواوکارییە لە هاوکاری ئەندامە دەنگیەکان لەگەڵ یەکتر لەمانە/ سییەکان، بۆڕی هەوای ناوەکی، ژێیە هەواییەکان کە لەناو قوڕگدان و بەڕێچکەی هەواوە لکاون، دەنگ لە ڕێگەی میکانیزمێکی ڕێکخراوەوە بەرهەم دێت، مرۆڤ گشت ئەم ئۆرگانانەی پەیوەندیان بە دەنگەوە هەیە و لێی بەرپرسیارن بەبێ ویست بەکاردێنێت و ژێیەکانی دەنگیش سەرچاوەی سەرەکی دەنگن، هەرچی دەنگ بەرزتر بێت ئەوا مرۆڤ زیاتر پێویستی بە پشو دەبێت، واتە بەرزی و نزمی لە دەنگەکان دەبنە هۆی هەمەچەشنی دەنگەکان و خاڵی جیاوازی و لێک جیاکردنەوە و لایەنێکی ناسینەوەی کەسایەتی لەتاکەکاندا دروست دەکەن وەک ناسنامەی مرۆڤایەتییە بۆ تاکەکان، چینی دەنگ جیاواز دەبێت بەپێی قەبارەی گەورەیی و بچوکی صندوقی دەنگی و قوڕگ (حنجرە)، واتە هەرچەند قوڕگ گەورەتر بێت دەنگەکان نزمتر دەبنەوە بەپێچەوانەوە ئەگەر بچوک بن، هەروەک چۆن چینە دەنگیەکان لای ئافرەتان بەهێزتر و تیژ ترن لەهی پیاواندا، بەڵام سەبارەت بە قوڕگی منداڵ دەبینین جیاوازیەکە زۆر کەمتر هەستی پێدەکرێت لە نێوان کوران و کچانیش ئەمەش بەهۆی ئەوەیە قوڕگ لە منداڵ هەمان قەبارەی هەیە و ئەم قەبارەش بەجێگیری دەمێنێتەوە تاتەمەنی هەرزەکاری، لە

دوای هەرزەکاری گۆڕانکارییەکان بە ڕونی هەستیان پێدەکرێت لەکاتی قسەکردن. دەنگی کوڕەکان گڕتر دەکەونە بەرگوێ، ئەمەش چونکە ژێیەکانی دەنگی کوڕان درێژترن و قوڕگیان ئەستورترە بۆیە دەنگەکانیشیان نزمتر و گڕتر دەردەچن لە دەمەوە. (فرید، 2008، 52).

## ١،٣،٢ ئامێری دەنگ و پێکهێنانی دەنگ

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێیاندا، سێ بەش لە لەشی مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت بۆ بەرهەمهێنانی دەنگ، ئەمانیش بریتین لە سییەکان و قوڕگ و ژێیەکانی دەنگی و دەم و لوت. پرۆسەی قسەکردن لە سییەکانەوە دەست پێدەکات و لەوانەوە هەوا دێتە دەرێ بەرەو ژێیەکانی دەنگی تێدەپەڕێت کە قۆناغی دوەمە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەنگ، ژێیە دەنگییەکان چین جوتێک لە پەردەی تەنکن کە بەشێوەیەکی باریک لە بەشی میانی قورگەوە درێژ دەبنەوە، ژێیەکانی دەنگ لەباری ئاسایی خۆیاندان لێک نزیک و کراوەن لەکاتی قسەکردندا بەپێی دەنگەکان کە لێیانەوە دەردەچێت دەلەرنەوە و بەرەو بەشی سێیەم کە دەم و لوتە بەرێ دەکەون و دەردەچن بەمەش سیستەمی ئاخاوتن پێکدێت. (فرید، 2005، 73).

لوت بەوە وەسف دەکرێت کەلەم پرۆسەیەدا دو ڕۆڵ دەبینێت یەکەمیان ناردنی هەوایە بۆ ناو سییەکان، دوەمیان پێکهێنانی دەنگە لەکاتی پرۆسەی قسەکردندا، دەنگ دروست دەبێت بە تێپەڕبونی هەوا بەنێو کردنەوەی نێوان تەلە دەنگیەکان، کەلەئەنجامی دروست بونی دەنگدا دەلەرێتەوە. دوای ئەوەی دەنگ لە ئەنجامی تاڵە دەنگییەکان دروست دەبێت، گشت کۆڵەگەکانی سیستەمی ئاخاوتن (دەم، گەرو، ددان، لوت و هتد) دەنگەکە پێکدەهێنن بۆ ئەوەی دەنگی پیتەکە ڕەنگبداتەوە بۆ قسەکردن. (عباس، 1986، 18).

دەنگی دەرچو لە گەروی پیاوان جیاوازترە لە ژنان، هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێیدا. ئەمەش چونکە پیاوان لەکاتی ئاخاوتن لەهەر چرکەیەکدا (80-400) لەرینەوە (فریکۆنسی) دەردەدات کە بچوکترین هەڵئاوسان بەرهەم دێنن لە کاتێکدا دەنگی ژنان لە چرکەیەکدا (300-1500) شەپۆلی لەرینەوەی (فریکوێنسی) بەرهەمدەهێنن کە زۆر لەهی پیاوان زیاتر دەردەکەوێت و بەمەش دەنگەکان نەرمتر و تیژتر دەبن. شێوەی نزیکی و دوری و کرانەوەی پەردەی دەنگیەکان لە نێوان ژێیەکانی دەنگ بەشداری تەواو دەکات لە کۆنترۆڵکردنی تایبەتمەندییەکانی دەنگ لە تاکێکیش بۆ تاکێکیتر جیاواز دەبن، چونکە شێوەکەی دەگۆڕێت بە پشتبەستن بە چینی دەنگییەکان، دواتریش چینە دەنگیەکانیش پۆلێن دەکەین.

## ٢،٣،٢ قۆناغەکانی تێپەڕبونی دەنگی مرۆڤ

پیت و وشەکانی قسەکردن بەچوار قۆناغ تێدەپەڕێت، بەم کرداەش تێگەیشتن لای گوێگر ڕون و ئاسانتر دەبێت لە دەربڕین بە شێوەکانی تر، بێگومان ئەم دەربڕینانەش لە خۆیانەوە دروست نابن و پێویستیان بە پاڵنەرێک هەیە لەلایەن قسەکەرەوە، تابتوانی وەک پەرچە کردارێک وەڵامی تایبەتی هەبێت، هەڵبەتە وەڵامەکانیش زۆربەی کات بە دەبڕینی وشەکان دەبێت. (الکفاوین، 2021، 29). کەواتە قۆناغەکان بریتیدەبن لە:

یەکەم: قۆناغی لەرینەوە: تێیدا ئەو دو پەردە دەنگییە بەهەڵمژین لەسنگی مرۆڤ بەچەند خێراییەک دەبن بەدەنگ و چینێکی تۆناڵی دیاریکراو بەرجەستە دەکرێن، ئەم جوڵانەش لە دەنگە بزوێنەکان جیاوازترن وەک ئەوەی لە دەنگە نەبزوێنەکان دەدوێین، وەک درێژکردنەوەی یەکێک لە سێ پیتە بزوێنەکان (ا، و، ی) یان درێژکردنەوەی برگەیەک لە پیتە نەبزوێنەکان (ن، ل، س، م) کەواتە لە ڕێی هەناسەدانەوەیە کە بەخێراییەکی ژمێردراو هەوا لە سییەکان دەچێت بۆ صندوقی دەنگی و دەبێتە هۆی جوڵان لە ژێیە دەنگیەکاندا. (ناصر یوسف،2011، 32).

دووەم: قۆناغی دەنگ: قۆناغی دەنگ کاتێک ئەنجام دەدرێت کە لەرینەوەی پەردەی دەنگ یان ژێیەکانی دەنگی لە ناو قورگ بەردەوام دەبێت لە جوڵەی هەوای هەڵمژێردراو و تێپەڕبونی لە ڕێگەی ڕێڕەوێکی تەسکدا یان لە نێوان دو ئەندام یان زیاتری ناو دەم پیتەکان دەگۆڕێن بۆ دەنگ.

سێیەم: قۆناغی بەهێزکردن: لە قۆناغی دەنگدانی پێشودا پێویستمان بەهێز دەبێت بۆ گەیشتن بە فراوانترین ئاستی گونجاو لە دەربڕین، واتە لە قۆناغی سێیەم دا پێویستمان بە زیادکردنی ڕێژەی دەنگ و بڕی پاڵنان بۆ دەرەوە و بەهێزبون دەبێت لە دەربڕین، ئەمەش لە ڕێگەی جۆرە ڕاهێنانێکی ڕێک و پێکەوە دەبێت، لەم قۆناغەدا دروستکردنی بۆشاییە جیاوازەکانی ناو دەم و کرانەوەی لوت لەرینەوە (فریکوێنسەکان) جوانتر و ڕونتر دەردەکەون و دەکەونە بەرگوێ. کەواتە جوڵەی دەمی ئادەمیزاد ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەیە لە دەربڕینی دەنگ بۆیە مەشقکردن و ڕاهێنانی منداڵ بە کردنەوەی دەمی و چۆنیەتی دروستکردنی بۆشایی ناو دەمی لە سەرەتای دەستپێکی ژیانی ئەرکی دایک و باوک و مامۆستا و قوتابخانەیە و ئەمان لێی بەرپرسن، لە ڕێگای ئەمەوە دەتوانێت وشەکان و پیتەکان بێ کێشە و بەڕونی دەربڕێت و زانیارییەکان بەڕاست و دروستی بگەیەندرێن، بێگومان زانایانی بواری پەروەردەش هاوڕان کە گۆرانی وتن لەم قۆناغەدا باشترین ڕێگا چارەیە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بەم خاڵانەی سەرەوە.

چوارەم: قۆناغی پێکهاتن: ئەم هەوڵەی کە دەبێتە هۆی جوڵەی ئەم دو پەردە دەنگییە بە هەڵمژینی هەوا، پاشان دەرچونی دەنگ لە ڕێگەی ئەم هەڵگەڕانەوە دەبێت کەلە دانەوەی هەوادا ڕویداوە، پاشان بە هێزکردنی دەنگەکانە وەک ئەوەی پێشوتر باسمانکرد، هەمو ئەمانە پێویستیان بە دروستبون و سازانی دەنگ هەیە، ئەمەش بە بەخشینی شێوە جیاوازەکانی جوڵەی دەم و ددان و جوڵانی زمان بۆئەم شێوانەی کە پێویستن بۆ دەربڕینی پیتەکان کە ئەمانیش سەرەتایەکن بۆ پێکهێنانی وشەکان و ڕستەکان، زۆر جار وشەکان لەدو بڕگە یان زیاتر پێکدێن و ڕستەی ئاڵۆز دروست دەکەن کە لە پێنج بڕگەی زمانەوانی زیاتر پێک دێن، لێرەدا زمان گرنگترین ئەندامە لە پێکهێنانی بڕگەکانی و شەکە و دەربڕینیان بەشێوەیەکی ڕون بۆ بەرامبەر، لە ئەگەری نەتوانینی دەربڕینی وشە و ڕستەکان منداڵ توشی کێشەی دەرونی زۆر دەبێت و بە بەردەوام بون لەسەر هەمان کێشە هەستی بڕوا بەخۆبون لەدەست دەدات و توشی گرێی دەرونی دەبێت، باشترین چارە سەر بۆ ئەم جۆرە منداڵانە و هاوشێوەکانیان چڕینی گۆرانییە هەروەها دانانی ئاوازی بچکۆڵانەیە بۆ ڕستە درێژ و ئەستەمەکان، کەواتە گۆرانی و موزیک باشترین هۆکارە بۆ ئاسان دەربڕینی بڕگە و ڕستە درێژەکان لە ئەدەبی نوسراوی منداڵان. (عبدالحق، 2011، 6).

## ٤,٢ چین و جۆرەکانی دەنگی منداڵ

دەنگی منداڵ بەسەر چەند چین و جۆرێکی دەنگی دابەش دەبێت، کەبە پێی جۆری هونەری دەنگەکە گۆڕانکاریان بەسەردێت، لە چین و جۆرەکانیش، ئەمانەن:

یەکەم: دەنگی گڕ (قرار) ئەو دەنگە سروشتیەیە کە مرۆڤ لەکاتی قسەکردنی ئاساییدا بەکاریدەهێنێت. ئەم جۆرە دەنگە پێی دەوترێت دەنگی سینگ " (Chest Voice)"، چونکە لەرینەوەکانی (فریکوێنس) لە ناوچەی سینگ ڕودەدەن و ئەم دەنگانەی دەریشدەچن گڕ و چڕن، ئەم جۆرە بە دەنگی گەرمیش ناسراون چونکە لەکاتی گوێ بیستبونی هەست بەئارامی و خۆشی و شادی دەکەیت و سەرنجی بەرامبەرەکەی بۆخۆی ڕادەکێشێت و هەڵگری ئاواز و ڕیتم ئامێزن. زیاتر ئەم جۆرە کەسانەی خاوەن دەنگێکی لەم جۆرەن بەکاردێن بۆ قسەکردن و خوێندنەوەی بابەتە دیکۆمێنتاریەکان.

دووەم: دەنگی تیژ (جواب) ئەمە زەمینەیەکی ناوەندییە لە نێوان دەنگی گڕ (قرار) و دەنگە تیژ تیژەکان، چونکە لەرینەوە (فریکوێنس)ەکانی نەرم و هێمنن، ئەم جۆرە دەنگانە زیاتر پڕن لە دەربڕینی هەستی، دەنگەکان لە قوڵاییەکانی ناخەوە دێنە دەرەوە، هەستی ڕاستگۆیی لە قسەکردندا نیشان دەدەن.

سێیەم: دەنگی جوابی جواب بە بەرزترین ئاستی دەنگ ئەژمار دەکرێت کەدەتوانرێ دەربڕدرێن جۆری دەنگەکە تیژ و نەرمە و پێی دەوترێت دەنگی سەر (Head Voice) چونکە لەرینەوە (فریکوێنس) لەبەشی سەرەوە ڕو دەدەن. واتە لەسەر بۆشایی ناوەوەی لوت.

چوارەم: دەنگی دروستکراو (الصوت المستعار) ئەو دەنگە ناوازەیە، کەپێی دەوترێت"Falsetto" ، دەنگێکە لە چینی بەرزدا دەبێت، بەڵام هێز و ماندو بونی زۆری ناوێ و پێویستی بە هێزی هەوایی زۆر نییە، دەنگێکی بەسۆز و کاریگەرە، ئەم جۆرەیان بە دەنگی باڵدار (الصوت المجنح)یش ناسراون کە بەئاوازی خۆی دەفڕێت تادەگات بە بەرزترین مەودای دەنگی توانراو. زیاتر بۆ لایەنەکانی هونەری بەکاردەهێنرێت بەتایبەتیش لە گۆرانی گوتن و چڕینی سرودەکان، چونکە لاسایی چینە باڵاکانی دەنگ دەکاتەوە.

پێنجەم: دەنگی نەشیاو (نەشاز) ئەم دەنگانەن کە ڕەنگە ئازاربەخش بن بۆ گوێ و ئارامی لە گوێچکەدا دەپچڕن، لەکاتی گوێ بیستبونیان هەست بە قێزەوەنی و نامۆیی دەکەیت، ئەم دەنگانەش لە دوری ژێیەکانی دەنگی دێنە دەرەوە بۆیە بە دەنگی نارێک ناوزەد دەکرێن.

شەشەم: دەنگی داودی ئەو دەنگەی کە لە جوانی و شیرینیدا نوقم دەبێت هەمو کەسێک ڕادەکێشێت کە گوێی لێ بگرێت ئەم دەنگە بۆ داودی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، دەگەڕێتەوە. (الزیباری، ١٩٧٩، ٢٠-٢٢).

## ٥,٢ ڕاهێنانی ئامادەکاری (الإحماء) بۆ ژەنین و دەربڕینە دەنگیەکان

ڕاهێنانی ئامادەکاری (الإحماء) یا گەرمکردنەوە و خۆئامادەکردن، بەشێکی گرینگە لە بەشەکانی سەرکەوتن و پێشوە چون لە بوارەکانی گۆرانی و موزیک، لای ژەنیاران و دەنگبێژان، وا لەژەنیارەکان دەکات بەنەرمی پەنجەکانی لەکاتی ژەنیندا بەکاربهێنێت و بیانجوڵێنن، بەهەمان شێوە لای گۆرانیبێژ پێویستە پێش دەستپێکردنی بە چڕینی ئاوازەکان گرنگی بەڕاهێنانی ئامادەکاری (الإحماء) بکات بۆ دەربڕینی میلۆدیەکان بە شێوەیەکی ئاسان و تەندروست. ژێیەکانی قورگی ئادەمیزاد زۆر هەستیارن، بۆیە پێویستیان بە چاودێری تایبەت و ڕاهێنان بەرێکی هەیە بۆئەوەی دەنگێکی باش بەرهەمبهێنرێت لێیانەوە. پرۆسەی ڕاهێنانی ئامادەکاری (الإحماء) دەنگ پێش گۆرانی وتن و بەتایبەتیش لەکاتی وانەکانی سرود و گۆرانی و صۆڵفێج و کۆڕاڵ، بەداخەوە ئەم قۆناغە گرینگە لەلایەن مامۆستا و ڕاهێنەران بە گشتی پشتگوێ خراون و کاریان لەسەر ناکرێت لە ناوەندەکانی خوێندن، زۆرێک لە ڕاهێنەران ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی بێزارکەر دەبینن، وەبەهۆی بە فیڕۆدانی کاتی وانەکان دەزانن و ڕاهێنانەکان پشتگوێ دەخەن و ڕاستەوخۆ پەنا بۆ چڕینی ئاواز و میلۆدیەکان دەبەن. لەکاتێکدا گەرمکردنەوە قۆناغێکە پێش ڕاهێنانی دەنگە. (أبو المجد، ٢٠١١، ٢٦٧). ڕاهێنانی ئامادەکاری جەستە لە ڕێگەی بەشەکانی جەستەوە کارێکە بۆ پشودان و نوێکردنەوەی ئەندامەکانی جەستە، دەبێت ڕۆژانە ئەنجام بدرێن، ڕاهێنەرانی گۆرانی وتن بەشێکە لە حەسانەوەی ماسولکەکانی جەستە. فێرخواز لەکاتی ئەم ڕاهێنانانە لەوانەیە فێری گۆرانی وتن بێت و ماسولکەکانی قورگ زاڵ بێن بەسەر پرۆسەکە، ئەم ڕاهینانە جەستەییانەش ئەمانەن:

١-سوڕاندنی سەر بۆ هەردو لا، لە کاتێکدا هەرگیز نەگەڕێنەوە.
٢-جوڵەی دەستەکان بۆ سەرەوە و خوارەوە ، لەگەڵ بردنە سەرەوەی پەنجەکانت و مانەوەیان بۆچەند چرکەیەک.
٣-جوڵەی دەم بە جوڵەیەکی بازنەیی، وەک ئەوەی شتێک بجویی.
٤-زمان بەگشت لایەکی ناو دەم بەئاراستەی ددانەکان بجوڵێن.
٥- شانەکان بەرزبکرێنەوە و بۆ ماوەی دە چرکە، لەناکاو شانەکان نزم بکرێنەوە.
٦- بەفراوانی دەم بکرێتەوە و پاشان دایبخرێنەوە، بە جەختکردنەوە لەسەر ڕاهێنانی ماسولکەی دەم و چاو. ماسولکە گرنگەکان، وەک ماسولکەی مل و دەموچاو ڕۆڵێکی ڕون دەبینن لە پشتگیری گۆرانی وتن، لێرە دا ئامانجەکە

كەمكردنەوەی ئەو هەوڵەیە كە پێویستە بۆ گۆرانی گوتن، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەكی كاریگەرانە تۆن و چینە دەنگییەكان كۆنترۆڵ بكرێن. (محمد، 2013، 8).

## ١,٥,٢ ئامادەكاری بۆ هەناسە و گۆرانی چڕین

هەناسەدان فاكتەرێكی سەرەكی گۆرانی گوتنە، بۆیە ڕاهێنەرانی دەنگ بە پەرۆشن لە پرۆسەی هەناسە كێشان و ڕێگای دەرهێنان و هێشتنەوە یان بە شێوەیەكی ڕاست و دروست، ڕاهێنەران زۆر جەخت لە فێربونی ڕاهێنانەكانی هەناسەدان دەكەنەوە تائەم كاتەی كە دەكرێت ماسولكەكانی جەستە بە تایبەتی ماسولكەكانی سینگ و سەر دوربن لە ڕەقبون و گرژی، ئەمەش بەهۆی پشودانی ماسولكەیی دەبێت لەكاتی ڕاهێنانەكان، لێرەدا ئەم ڕاوەستان و پشودانانە بەمانای بێهێزی نایەن، بەڵكو هۆیەكن بۆ ئاسودەیی و هاندانی ئەندامەكانی جەستە لەكاتی ڕاهێنانی زۆر. تێبینیەكان بۆ ڕەچاوكردن لەكاتی ڕاهێنانی هەناسەدان دەبێت لە هەوای كراوەدا بێت، گونجاوترین كات لە بەیانیان پێش نانی بەیانیە و دەكەوێتە نێوان وانەی دوەم و سێیەم بەكاتی خوێندنگا سەرەتاییەكان هەربۆیەش گونجاوترین كات بۆ وانەی گۆرانی و موزیك وانەی سێیەم دانراوە لە خشتەی وانەكانی هەفتە بۆ بەشەوانەی موزیك، ئینجا ڕاهێنەر دەبێت ڕەچاوی ئەوەبكات كە هیچ پەستانێك لە جلوبەرگ و پشتێنەكان لەسەر سنگ و سك نییە، وە نابێت گەدە پڕبێت لە خواردن، وەرگرتنی هەوا لەڕێگەی لوت و دەرچونی لەكاتی چڕین دەبێت، واتە كاتی هەڵمژینی هەوا نابێت كاریگەری و دەنگ دروست بكات لەسەر چڕینی ئاوازەكان، دەبێت دڵنیابینەوە كە سەر و مل و تەنانەت بەشی سەرەوەی لەشیش نەجوڵێنی و دڵنیابیتەوە كە ئەندامەكان لەم ناوچەیەی جەستەدا توشی شپرزەیی نەبن. هەروەها پێویستە دڵنیابینەوە كە لەكاتی هەناسەداندا شێوەی دەم یان شوێنی زمان ناگۆڕێت، تەنیا ئەو بەشەی كە دەبێت بجوڵێت ماسولكەكانی سك بە دامەزراندنی سێ قۆناغ واتە: (هەناسە كێشان، هەڵگرتنی هەناسە، ئازادكردنی) دەكرێت كاتی هەر قۆناغێك بە ژماردنی لێدانی دڵ هەژمار بكرێت، پسپۆڕانی ئەم بوارە پێیانوایە هەر قۆناغێك لە پێنج تا شەش لێدانی دڵ بێت و وردە وردە ماوەكە درێژ بكرێتەوە تادەگاتە دە یان دوازدە لێدان بۆ هەر قۆناغێك بەمەش مرۆڤ توانای چڕینی بەرز دەبێتەوە و دەتوانی ماوەیەكی باشتر بەردەوام بێت لە چڕینی میلۆدییەكان و وشە درێژەكانیش جوانتر و بێ كێشەتر بچڕێت. (فرید، 2000، 43).

## ٢,٥,٢ ئامادەكاری بۆ هەڵگرتنی هەناسە

هەناسەیەك ڕادەكێشێت لەكاتی ڕاوەستان یان دانیشتن لەسەر كورسییەك دوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ چركە دەستەكانت بەرزبكەوە دواتر دەستەكانت دابەزێنە ئینجا هەناسەكە بە هێمنی بدەرەوە دواتر لە سییەكان بۆ ماوەی دە چركە هەناسەیەك وەردەگرین و دەیهێلینەوە، دانەوەی هەناسەكە لەدو چركەدەبێت، ئەم پرۆسەیە بەردەوام دوبارە دەكەینەوە، پاشان هەڵمژینێكی هەناسەداندا بەماوەی (21 چركە) وەردەگرین و بەو مانایەش مەبەستمان ئەوەیە كە ڕاهێنەر دەتوانێت هەڵمژینەكە (یەك خولەك) بە ئاسودەیی تەواو هەڵبگرێت و دواتر دانەوەی هەناسەكە بە ئاسودەیی تەواو دەرهێنانی هەناسەكە، پرۆسەكە بەردەوام دەبێت دوای هەناسە كێشان و قەتیسكردنی "بەپیتی (س) بۆ ماوەی دە چركە بەتاڵ دەكرێتەوە بێ پچڕان، بەكارهێنانی "هەناسەدانی سك" دەبێت بەسود بێت لە كاتی هەوڵدان بۆ كەمكردنەوەی نیشانە جەستەییە توندەكانی پەستان و دڵەڕاوكێ، وەك زیادبونی ڕێژەی لێدانی دڵ هۆیەكە بۆ كورتبونی هەناسە. دەوترێت: دەنگ چاوی ئەوانەن كەناتوانن ببینن.... زۆر جار بەسە بۆ گوێگرتن لە دەنگی كەسێك بۆ ئەوەی هەست بە دۆخی سۆزداری خۆت بكەی. دەنگ لەگەڵ ئێمە لە دایك دەبێت و گەشە دەكات، بەشێك لە تایبەتمەندیەكانمان پێكدێنێت. وردەكارییەكانی ژیانمان لێكدەداتەوە و هەستەكانی خۆشی و خەم و بڕوا بەخۆبون و ترس و ڕازیبون و تورەیی و هەستەكانی تر دەردەبڕێت.

بەڵام لە كەسێكەوە دەگۆڕێت بۆ كەسێكی تر بەپێی چین و پلە و پلەكانی لەرینەوە (فریكوێنس)، دروست كردنی ناسنامەیەكی دیاری كەسایەتییەكانمان و پەنجە مۆرێكی تایبەتە تاكەكان لە یەكتری جیادەكاتەوە. لە نێوان سۆپرانۆ، بەرزترین چینی دەنگەكان و باس، نزمترین ئاست، پۆلێنكردن و ئاستی لاوەكی هەیە، لە كتێبی (هاشم ئەلكەفاویندا) بە

وردی لە نمایشی دەنگی و هونەرەکانیدا هاتوە ئەدای فۆنۆلۆژی لە یەکێک لە پێناسەکانیدا: دەربڕینی ئاخاوتن بە شێوەیەک کە وشەکانی ڕون دەکاتەوە و ماناکانی ئاشکرا دەکات. ئەمە تەنها خوێندنەوەیەک نییە بۆ دەقەکان بە گشتی و دەقی ئەدەبی بە تایبەت تر. بەڵکو هونەرێکە کەبە پراکتیک و پراکتیزەکردنەوە دەستیکەوتوە بۆ ئەوەی دەمانەوێت بە شێوەیەکی باش گوزارشتی لێبکەین کە سەرنجی گوێگران و بینەران ڕابکێشێت و کاریگەری لەسەر بکات، کەواتە ئەگەر نمایشکارەکە بە سۆز نەبێت لەوەی کەبە خەڵک دەڵێت، ئەوان گرنگی نادەن کە ئەو چی دەڵێت. چونکە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ناسینەوەی ئەدای دەنگ لەتیۆری و پراکتیزەکردنی لە پراکتیکدا، ئەم لایەنانەش بەڕاهێنانی پراکتیکی بەهێزدەکرێن، هەر وەک ئەکتەرێک، گۆرانیبێژ، وتاربێژ، شاعیرێک، پەخشکەر، مامۆستا و هەر کەسێک کە ناونیشان بۆ خەڵک دەدات پێویستی بەم لێهاتوییە دەبێت. (یوسف، 1998، 15). لە زانستی فیزیادا دەنگ وەک زنجیرەیەک لە لەرینەوە پێناسە دەکرێت (پەستان و هەڵگەڕانەوە)، دەگوازرێتەوە لە ناوەندەکانی فیزیکیدا و بەهەستی بیستن و تەبڵەی گوێچکە هەستی پێدەکرێت، دەنگ پێویستی بە ناوەندێکی جەستەیی هەیە (گاز، شل یان ڕەق) بۆ ئەوەی بڵاوببێتەوە و لەلایەن گوێوە هەستی پێبکرێت، واتە دەنگ لە بۆشایدا ناگات. خێرایی بڵاوبونەوە و گەیشتنی بە ستراوەتەوە بە چەند هۆکارێک گرینگترینیان بونی هەوا و چڕیی هەوایە. تاکە سەرچاوەی بڵاوبونەوە و گواستنەوەی لەرە لەرەکانە، لەڕێگەیەوە سەرچاوەی دەنگ تەشەنە دەکات، ئەو مامناوەندە فیزیکیەی کە لەڕێگەیەوە لەرەلەرەکان دەگوازرێنەوە، بۆ وەرگرێک کە وەریاندەگرێت.

گوێچکەی ئادەمیزاد ئەم ئەندامەی جەستەیە لەگەڵ مێشکدا هەماهەنگی دەکات و لەرەلەرەکان دەگۆڕێت بۆ واتای دیاریکراو کە ناسراون لەلایەن مێشکەوە. دیاریکردنی تایبەتمەندیەکانی دەنگ پێویستی بە ناسینەوەی تایبەتمەندیەکانی شەپۆلی دەنگ هەیە: تەختەی شەپۆل، فراوانی، خێرایی. مەودای شەپۆل: ئەم مەودایە لە نێوان هەر خاڵێکی شەپۆلەکە و خاڵی هاوتای لە قۆناغی داهاتو. پانتایی شەپۆل: ئەوە چڕی یان بەهێزی نیشانەی شەپۆلی دەنگە و بەبەرزی شەپۆلەکە دەبەزێنرێت (کە شەپۆلەکە بەرز دەبێتەوە، دەنگەکە بەرزتر دەبێت) فریکوێنس: ئەمە ژمارەی ئەو شەپۆلانەیە کە لەخاڵێکی دیاریکراودا تێدەپەڕێت لەماوەی دیاریکراودا (دوەم)، فریکوێنسەکە دەپێورێت لە یەکەیەک کە پێیدەوترێت Hz. جۆرەکانی سەرەکی بریتین لە: شەپۆلی بیستن: ئەمانە ئەو شەپۆلانەن کە گوێی ئاسایی مرۆڤ دەیبیستێت. وە فریکۆێنسەکەی دەکەوێتە نێوان 20 بۆ 20 هەزار هێرتز. (ابراهیم، ٢٠٢١، ١١).

یەکەم: شەپۆلی دەنگی نەبیستراو (الموجات فوق السمعية) ئەلتراسۆند: شەپۆلەکان بەفریکوێنسی زیاتر لە 20,000 هێرتز (زۆرجار بەکاردێت لە بوارە پزیشکیەکان)، شەپۆلی ژێرئاو: کە ئەوانەن کە فرێکانسێکی کەمتر لە 20,000 هێرتزیان هەیە (وەک جوڵەی لەرزین) بۆ چینەکانی زەوی و بومەلەرزە و گڕکانەکان.


دوەم: خێرایی: ئەوە خێرایی گواستنەوەی سیگناڵی دەنگییە لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر لە نێوەندی گواستنەوەدا. سێیەم: دەنگی زمانی: لە دەنگی زیندەوەرزانیدا وەک ئاماژەیەکی تۆناڵ دەردەبڕدرێت لەلایەن یەک زیندەوەرەوە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ ئۆرگانیزمێکی تر. دەنگی زمانی ئەو دەنگەیە کە مرۆڤ بەئارەزوی خۆی قسە دەکات و ئەوەی دەیەوێت دەریبڕێت و کاریگەرییەکی بیستنی دروست بکات کە دەگاتە گوێمان ئەو وشانەی کە لەبنەڕەتدا دەیکەین بریتییە لە یەکەکانی دەنگی زمانی و ڕەنگە پیت و جوڵە و تۆن و ئاواز ... بن، بە پێچەوانەی دەنگە زمانییەکان دەنگی نازمانی هەیە کە ئەوانەن کە لەلایەن بونەوەرەکانی ترەوە دروستکراون و ناتوانن بنوسرێن هەرچەندە کاریگەرەیەکی بیستنیان لەگوێماندا هەیە.

چوارەم: زمان وتار: هەرچەندە ئەو دەنگەی کە لەلایەن ئامێرەکانی ئاخاوتنەوە دروست کراوە بە دەنگی زمانی وەسف دەکەین، بەڵام زمان قسە نییە "ئاخاوتن کردارە، زمان سنوری ئەم کردارەیە، قسەکردن ڕەفتارە، زمان پێوەری ئەم ڕەفتارەیە، قسەکردن چالاکییە، زمان یاساکانی ئەم چالاکییەیە، قسەکردن بریتییە لە جوڵە، زمان سیستمی ئەم بزوتنەوەیە، قسەکردن سیستمی ئەم بزوتنەوەیە، قسە بیستن لە قسەکردندا هەستی پێدەکرێت، بینین نوسراوە و زمان بە بیرلێکردنەوە لە ئاخاوتن تێدەگات. ئەوەی دەیڵێین یان دەینوسین قسەکردنە و ئەوەی دەیڵێین و دەینوسین زمانە و قسەکردن و نوسین و زمان لەکتێبەکانی ڕێزمان و ئەدەب و وەرگێر، وەسف دەکرێت و ڕەنگە قسەکە ببێتە کار بەتاک،

بەڵام زمان تەنیا کۆمەڵایەتیە. بۆ کۆکردنەوەی یەکپارچەیی زمان وشەی بێدەنگە و یەکدەنگیی ئاخاوتن بریتییە لەدەربڕینی (دەنگی وشەکە)، ئەوەش جیاوازی نێوان زمان و ئاخاوتن جیاوازی نێوان وشە و زاراوەیە.
پێنجەم: زانستی زمانەوانی (فۆنۆلۆژی): زانستێک کە لە دەنگی زمانی دەکۆڵێتەوە ئەم زانستە سێ پرۆسەی سەرەکی دەپشکنێ: پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەنگ لە قسەکەر (وتار)ەوە: پرۆسەیەکی فیزیۆلۆجییە کە ئەو جوڵانە لەخۆدەگرێت کە لەلایەن ئۆرگان و ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە ئەنجام دەدرێت.
شەشەم: فیزیۆلۆجی پرۆسەی گواستنەوەی دەنگ لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر: پرۆسەیەکی فیزیکییە کەپەیوەندی بە بڵاوبونەوەی دەنگەوە هەیە و ئەو زانستەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت زانستی دەنگی فیزیکییە، فیزیکی بریتییە لە پرۆسەی وەرگرتن و بیستنی دەنگ لە گوێگرەوە: ئەوە پرۆسەیەکی فیزیۆلۆجییە کە پەیوەندی بەوەرگرتنی دەنگەوە هەیە لەلایەن گوێوە، و چالاکی دەرونی و زانینی بەیەک گەیشتن بۆ تێگەیشتن لەدەنگ دروست دەکات. ئەم پرۆسەیە لەلایەن زانستێک کە پێیدەوترێت فۆنۆلۆژی بیستراو ناسراوە. (الكفاوين، ٢٠٢١، ٣٠).

## ٣,٥,٢ چۆنیەتی دروستکردنی دەنگ

پێش ئەوەی هەوڵبدەیت دەنگی دەنگەکەت باشتر بکەیت، پێویستە سەرەتا فێربیت کە چۆن دەنگ دروست دەکەیت، ئەمە ئەم پرۆسەیە کە دەتوانیت بەکاریبهێنیت بۆ ئەوەی دەنگەکەت باشتر بکەیت. هەناسەدانی قوڵ و ڕێکوپێک پێویستە بۆ دروستکردنی دەنگێکی باش. دەنگی تۆبە ستونێکی هەوا کە قوڵی و جێگیری کوالێتی دەنگی تۆ دیاریدەکات بەهێزکراوە. بیر لە دیافراگم (الحجاب الحاجز) بکەوە وەک ئەو بناغەیەی کە ئەم ستونە هەوایە لەسەری دامەزراوە و لەڕێگەیەوە چڕی هەواکە کۆنترۆل کراوە. لەکاتی هەناسە وەرگرتن و هەناسە دانەوە، دیواری سک درێژ دەبێتەوە و دیافراگم چەماوە و شێوە تەخت دەبێت. لەکاتی دانەوەی هەناسەدا، دیافراگم ئارام دەبێتەوە و دیوارە سککە بچوک دەبێتەوە، دیافراگم ئارام هەڵدێت و هەوا لەسییەکان دەردەکات. کەواتە هەناسە هەڵمژین ڕێگە بەدروستی بەرهەمهێنانی دەنگی قسەکردن دەدات. لەکاتی پەلەکردندا هەوا بەرەو سەرەوە دەڕوات و بەرەو ئاراستەی ژێیە دەنگییەکان دەچێت، لەئەنجامی پەلەپەلی هەوا و نەرمی ژێیە دەنگیەکاندا، ئەم ژێیانە پێکەوە دەگەڕێنەوە و دەرەنجامی ئەو لەرزینانە هاوشێوەی بالۆنێکی هەڵئاوساو لە دەنگ دروست دەبێت، ئەم دەنگانەش بەپەلە و بەنارێکی دەردەچن، بەشێوازێک کەزۆرجار بە جارێک ناتواندرێت لە واتاکانیان بگەیت. ئەم گۆڕانکاریانەش بە فشارکاری دەنگ (الضاغ الصوت) ناودەبرێت، بۆیە پێویستە فێرکەر لە فێرگەکاندا زیاتر جەخت لە بڕگەکانی سەرەوە بکەنەوە کە چۆن فێری فێرخوازەکانیان بکەن دەنگەکان بەڕونی دەربڕن، چونکە یەکێک لە کایە سەرەکیەکانی ئەدەبی منداڵان شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینی پیتەکانە.



گەر بیر لەئامێرە هەواییەکانی مۆزیک بکەینەوە بە تایبەتیش ئامێرە مسیەکان (الآلات النحاسية)، دەبینین کە لێو یان لەرزینی زمانی ژەنیارانی ئامێرە موزیکییەکە و قەبارەی بۆشایی ناو دەم تۆنەکانی ئەم ئامێرە دیاریدەکەن، هەڵبەتە ئەمانەش دەگۆڕێن لە ئامێرێکەوە بۆ ئامێرێکی تر بەپێی قەبارە و جۆری ئامێرە موزیکییەکان، ئەم شەپۆلە دەنگیانەش کە

بەهۆی ژێیەکانی دەنگەوە بەرهەم دەهێنرێن بۆ بەشی سەرەوەی قورگەکە و پاشان بۆ دەم و هەندێک جار بۆ لوت ڕێدەکوێت. جیاواز دەبێت بەپێی قەبارەی ژێیە دەنگییەکان، گەرو، دەم، بۆشایی لوت، هەمان کاریگەریان دەبێت لەسەر جۆر و شێوازی ئاوازە دەنگیەکان و لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکیتر دەگۆڕدرێن. مرۆڤ کاتێک باسی شتێکی زیندو و ڕەنگاو ڕەنگ یا گۆرانی دەچڕێت، پێویستە ئاوازەی قسەکردنی بگۆڕێت، چونکە قسەکەری باش قسەکانیان هەمەجۆر دەکەن بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و ڕازیکردنی بەرامبەرەکانیان. بەم ڕەفتارە و هەڵچون و کەوتنی دەنگی قسەکردنەش دەوترێت ئاواز. کەواتە مرۆڤ پێویستە فێربێت چۆن گۆڕانکاری لە دەربڕینی دەنگی بکات و لەکات و ساتی دیاریکراودا تۆن و ئاوازی دەربڕینە دەنگیەکانی بگۆڕێت و بەردەوام بەیەک جۆرە دەربڕین و ئاواز هەستەکانی دەرنەبڕێت، تاوەکو بتوانێ سەرنجی بەرامبەرەکەی بۆخۆی ڕاکێشێت و پێگەیەکی بەهێز لەناو کۆمەڵگە دروستبکات. (نجیب، 1970، 43).

لێرەدا جەوهەری قسەکردنت کوالێتی دەنگەکەتە و گوزارشت لە جیاوازی هەستەکانت دەکات. ڕەنگکردنی دەنگ ئەو شتەیە کە تۆ بەکاری دێنیت بۆ گەیاندنی هەستەکانت و ئەم هەستانەش دەبێت ئەرێنیبن کاتێک قسە لەگەڵ کەساتی بەرامبەر دەکەیت. بەکوالێتی دەنگ، ئاوازی پەیوەندیمان لەگەڵ بینەر یان لەگەڵ ئەو کەسەی کەقسەی لەگەڵ دەکەین دیاری کراوە. ئەگەر دەنگ دەوڵەمەند و ڕون و ئاوازدار و بەپەرۆش بێت دەتوانین هاورێیەتی و قبوڵ کردنێکی نەشکێنراو دابمەزرێنین. بە پێچەوانەوە، ئەگەر کوالێتی دەنگ لە لوتەوە پێچرابێت و لەگەڵ هەناسەی بیستراو بێت، ئەوا دەبێت کوالیتی دەنگەکان باشتر بکەین. هۆکاری سەرەکی کوالێتی دەنگی نەرێنی فشارە هەست وسۆزدارەکانە بۆیە کۆنترۆڵی سترێس گرنگە بۆ باشترکردنی کوالیتی دەنگ. کلیلی گەیشتن بە کوالێتی دەنگی کاریگەر هۆشیارییە لەو ڕۆڵە جیاوازانەی کە لەڕۆژی ئاساییدا دەیگێڕین، وەک ڕۆڵەکانی باوک، فەرمانبەر، سەرۆک، هاورێ، خۆشەویست، بەکاربەر یان فرۆشیار، ئەم ڕۆڵانە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی کەسایەتین و پێویستیان بە وێنەی دەنگی جیاواز هەیە. (محمد، 2020، 7).

کەواتە دەبێت گوێ لە دەنگەکانمان بگرین و لەڕۆڵە جیاوازەکاندا کە پەیوەستە لەگەڵ ئەوانی ترە لێکیان جیابکەینەوە. بیر لەوە بکەینەوە کەبە دەنگ چی دەکەین، دەم چۆن بجوڵێنین؟ چۆن لێوەکانمان بەکاربهێنین؟ گرژی، فشار، حەسانەوەی ماسولکە گرنگترین ئامۆژگارین بۆ گەیشتن بە کوالێتیەکی دەنگی باش، بیر لەهاورێیەتی و متمانە و ئارەزویەک بکەین بۆ پەیوەندی کردن، چونکە ئەگەر دەنگ ئازاد بێت لەفشارە شاراوەکان، ئەوا ئەم هەست و ڕەنگە دەنگیانەی کەبەدەنگ دەریدەبڕین، لەوانەیە هەستەکانی هاوشێوە لە کەسانی تردا بتەقێنیتەوە. قسەکردن بەشێوەی زۆر خێرا یا زۆر هێواش لەنزیکەوە پەیوەندی بە کەسایەتی تاکەوە هەیە، گۆڕینی ئەم ڕێژەیەش کارێکی قورسە و هەروا بەئاسانی فەراهەم نابێت لەلایەن تاک، چونکە بە شێوەیەکی نامەبەستدار بەستراوەتەوە بە شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ژیانی تاکەکان و بەشێکن، لەگەڵ کەسایەتی تاک گەشەیانکردوە. هەرچۆنێک بێت، پێویستە زۆر بە هێواشی یان زۆر بە خێرایی لەم قسەکردنانە دور بکەوینەوە، چونکە هەردو جۆرەکە لە تەواوکاری قسە و پەیامەکانمان دەشێوێنن و تۆنەکان سنوردار دەکەن و کوالیتی دەنگەکان دەگۆڕن. قسەکەری هێواش لەوانەیە نەزانێت کە گوێگرەکان چۆن تێدەکۆشن بۆ ئەوەی سەرنجی بدەن. خەڵک بەرێژەیەکی خێراتر لەو ڕێژەیەی کە قسەی پێدەکەن بیردەکەنەوە، بۆیە قسەکردنی زۆر هێواش گوێگرەکان هاندەدات بۆ سەرگەردان بون. سەرەڕای ئەمەش، زۆربەی کات دەبنە هۆی سەرلێشێوان و نەبونی هەمەجۆری و وادەکات ئەم شتانەی کە دەیڵێین بەرامبەرەکانمان تێیان نەگەن. (باکوری، 2001، 36).

قسەکردنی زۆر خێراش دەبێتە هۆی کێشەی هاوشێوە، چونکە کاتێک زانیاری بە ڕێژەیەکی خێرا فڕێدەدرێت بۆ گوێی گوێگران، ئەوا گوێگر توشی نائومێدی دەبێت و تەنانەت مێشک توشی شپرزەیی لە زانیاری و شێواندن دەبێ. ڕەنگە قسەکەر بەخێرایی دەنگەکان کورت بکات و نەکەوێتە هەمەجۆرکردنی چڕی و دەنگ و ئاوازی دەنگ، بۆیە زانایان لەبوارە جیا جیاکاندا بەتایبەتی بواری پەروەردە و فێرکردن هاوڕان کە کاریگەرترین ڕێژەی دەربڕینی قسەکردن لە 120 بۆ 160 وشەدابێت لە خولەکێکدا. مانەوەمان لەم ڕێژەیەی دەربڕین باشترین خۆڕزگارکردنە لە بێزاری، بیسەر و گوێگرەکانمان لەکاتی گەیاندنی زانیاری و پەیامەکان، لەگەڵ ئەوەشدا قسەکردن بە شێوەیەکی مام ناوەند لە هێواشی بەسە بۆ ئەوەی

بەرامبەرەکانمان تێبگەن. بەهەمەجۆرکردنی ڕێژەی قسەکردن لەکاتی دیالۆگدا، دەتوانیت گۆڕانکاری لەهەست و مەزاجدا پێچەوانە بکەینەوە، هەروەها جەخت لە خاڵە گرنگەکان بکەیتەوە. کەواتە هەمەجۆری دەنگ بەم شێوەیە کە بتوانین دەنگی خۆمان بەکاربهێنین بۆ ڕاکێشانی سەرنج و سەرسامی و هاوبەشیکردنی سۆزی لەگەڵ بەرامبەردا. خەسڵەتە گرنگەکانی دەنگیش یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی قسەکردن و گۆڕینی دەنگ لە تۆنێک بۆ تۆنێکی تر، تۆنی دەنگی بەرز و ئاوازی موزیکی بەرزیش هەمیشە بەکاردێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر وشەیەکی دیاریکراو یا بابەتێکی مەبەستدار. زۆر جار لەوانەیە مانای ڕستەیەک یا تێکڕای مانای ڕستەکە بگۆڕێت لە ئەنجامی ئەم بەرزکردنەوەی دەنگیە یان گۆڕانی دەنگەکە.

**٤,٥,٢ گرنگ ڕیتم لەبونیادی زانینی منداڵ**

مرۆڤ هەر لەسەرەتای ژیانی واتە لە تەمەنی منداڵی دا ئاشنایەتیەکی بەهێزی لەگەڵ ڕیتم (ایقاع) هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەم ڕیتمانەی لە پێکهاتەی جەستەیی تاک هەن وەک: هەناسەدان، چاوتروکان، لێدانی دڵ...، بۆیە هەرزو دەکەوێتە پەتەوکردنی ئەم پەیوەندیە هونەریە و لەڕێی دەربڕینەکانی بەکاریاندەهێنێت وەک شوێنگرەوەیەک بۆ ڕاییکردنی پێداویستیەکانی ژیانی لەوانە ریتمی گریانەکانی بەپێی پێداویستیەکانی لە شیر خواردن، نارەحەتی، ژانە سک، خەو، شەکەتی، گۆڕانکاریان بەسەردادێت و دایکی ژیر یا بەخێوکەر یا فێرکەر (مامۆستا) بەهۆی جۆری ڕیتمی گریانەکەیەوە بەدەم داواکاریەکانیەوە دەچێت وئەمیش بەهەمان شێوە بەڕیتمی تایبەت و گۆرانی و ئاواز و لای لایە منداڵەکە هێور دەکاتەوە و لە ئازارەکانی کەم دەکاتەوە. (أبو المجد، 2011، 89). خەواندن لە نێو بێشکەدا (لانک) جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕیتم کە جوڵەی بێشکەکە بەلای ڕاست و چەپدا وە دوبارەکردنەوەی بۆ چەندین جار بەهەمان خێرایی، ڕیتمێکی دوبارە کراو بەمنداڵەکە ئاشنا دەکات و دەیگەیەنێ بە حاڵەتی خاوبونەوە و خەولێکەوتنی بۆ ماوەیەکی باش، پێشینان هەربەمەش نەوەستاون بەڵکو زۆرێک لە دایکان جۆرە زەنگوڵەیەک بە بێشکەکە دەبەستنەوە کە بەهۆی جوڵەکەیەوە دەنگێکی نەرم و سۆزو خۆشیەک بە منداڵەکە دەبەخشێ کە لەگەڵ ڕیتمی بێشکەکە کاریگەریەکەی بۆ دو سێ هێندە زیاتر دەبێت بۆ منداڵەکە، هەندێک جاریش بێشکە هەژێنەکە لەگەڵ جوڵە و ڕیتمی ڕاست و چەپ پێکردنی بێشکەکە دەستی دەکێشێت بە لای ڕاست یان چەپی بێشکەکە و دوپاتی جوڵەی ڕیتمی بێشکەکە دەکاتەوە سەرنجی منداڵەکە بۆلای دەنگی تەپە تەپی داری بێشکەکە ڕادەکێشێت بە دەستنیشانکردنی ترپەی بەهێزی ڕیتمەکە. زۆربەی جار دایک یا بێشکە هەژین بۆ ئەوەی توشی مەلەل نەبێت و تاقەتی نەچێت لەگەڵ هەمان جولە و ڕیتمی هەژانەکە دەست دەکات بە چڕینی پارچە ئاوازی بچوک بچوک و دوبارەکردنەوەیان تا ئەم کاتەی منداڵەکە بە تەواوەتی ئارام دەبێتەوە و دەخەوێ، ئەم پارچە ئاوازە ڕێکخراوە هەڕەمەکیانەش ناسراون بە (لای لایەی) دایک، کە بەشێکی گرنگن لە بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری و میللی کوردی و بەشێکیشن لە بنەچەی ئەدەبیاتی منداڵ و دەوڵەمەندکردنی زانینی تاک لە سەرەتای دەست پێکی ژیانی کە سەردەمی منداڵیە، هەر ئەمەشە وایکردوە تاکی کورد ئاشنایەتی باشی لەگەڵ هونەر بە گشتی و گۆرانی و موزیک بەتایبەتی هەبێت و لەگشت کایەکانی ژیانی ڕۆژانەی ڕەنگی داوەتەوە. (زامدار، 1980، 19).

تۆمابوا دەڵێت: (کوردەکان خاوەن بەهرەیەکی گۆرانی و موزیکی زۆر سەرنج ڕاکێشن، کوردەکان لەکاتی کار و تەنانەت لە جەنگیش گۆرانیان چڕیوە). تۆمابوا لە گەشتەکەی بۆ ناوچەی کوردستانی ئێستا دەگێڕێتەوە ودەڵێت کوردەکان کاتێک زانیان ئێمە لە ڕوبار دەپەڕینەوە بە گۆرانی لەسەر شاخەکان هاتنە خوارەوە و هێرشیان کردە سەرمان.

جوڵەو بەسەرڕێ کەوتنی منداڵ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ڕێکخستنی ڕیتم، ئاشکرایە منداڵ کاتێک دەیەوێ بەسەر پێیەکانی بکەوێت وهەنگاو بهاوێژێ ناتوانێ ئەم کارەی بە ئاسانی ئەنجام بدات، تائەم کاتەی ئەندامانی خێزانەکەی دەستەکانی دەگرن وفێری ڕیتمی ڕێکردنی (ڕۆیشتن)ی دەکەن، ئەم ڕیتمە بۆ دو مەرامی سەرەکیە:

یەکەم: زاڵبون بەسەر هاویشتنی هەنگاوەکانی بەیەک ڕیتمی دیاریکراو وە دوبارەکردنەوە و بەردەوام بونی بەهەمان ڕیتم.

دووەم: زاڵبون بەسەر خێرایی هەنگاوەکانی و بەردەوام بونیان لەسەر هەمان خێرایی. هەردو بابەتەکە ڕیتمی ڕۆیشتن لای منداڵ دروست دەکەن وئیتر وردە وردە توانای زاڵ بونی زیاتر دەبێت و چەندین جۆر لەڕیتمی ڕۆیشتن فێر دەبێت وەک خێرا، خاو، مام ناوەند، زۆر خێرا. هەروەها جوڵەی پەلەکان بەهاوشێوەی ئەمانەی سەرەوە لەڕێگەی ڕیتمەوە ڕێک دەخات و توانای ئاراستەکردنی دەستەکانی بەرەو باش دەچێت و ڕیتم دەبێتە هۆی پتەوکردنی ماسولکەکانی لەشی. هەروەها ڕیتمی قسەکردن و خێرایی دەربڕینی وشەکان یارمەتیدەری سەرەکین بۆ منداڵ کە توانای زاڵبونی بەسەر وشەکان و پیتەکان هەبێت و لەکات و ساتی دیاریکراو بتوانێ کۆنترۆڵی دەربڕینەکانی بکات. زۆرجار دەبینین منداڵ بەڕیتمێکی خێرا و هەرەمەکی و نارێکخراو قسە دەکات، کە بەئاستەم بەرامبەرەکەی لێی حاڵی دەبێت، ئەمەش هۆکاری ڕاهێنانیەتی لەسەر ئەم جۆرە ڕتمەی کە مامۆستاکەی یا دایک و باوکی منداڵەکە هەیانە و ناتەندروستە. بۆیە لێرەدا بۆ چارەسەری ئەم جۆرە منداڵانە دەبێت مامۆستایانی پسپۆڕ بەڕاهێنانی منداڵەکە لەسەر ڕیتمی خاو دوبارە فێری دەربڕینەکانی بکەنەوە، لێرەدا بەکارهێنانی ڕیتم وەک چارەسەرێکی سروشتی هەژماردەکرێت. بەکارهێنانی ڕیتم کە بەشێکە لە بەشەکانی گۆرانی و موزیک لە نێو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە سەرەتاییەکان کارێکی ئێکجار گرینگە بۆ منداڵانی تازە پێگەیشتو بەتایبەتی لە بازنەی یەکەم کە قۆناغەکانی یەکەم و دوەم دەگرێتەوە، یارمەتیان دەدات فێری دەربڕین بن بەرێکی، چونکە منداڵ بۆ دەربڕینی پیتەکان بەدوای ڕیم و ئاوازی پیتەکان دەگەرێت، کە یارمەتیدەرێکی زۆر باشن لە بواری دروستکردنی زانینی نوێ. (شارباژێری، ١٩٨٥، ١٦).

ئەدەبی منداڵ پەیوەندی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر گەشەی هزری و بنیاتی زانینی نوێ هەروەک لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆ کردوە، منداڵ لەکاتی خوێندنەوەی دەقە ئەدەبیەکان و تێکستی نوسراودا سەرەتا بەدوای ڕیتمی خوێندنەوە دەگەرێت، دواتر ئاوازی وشەکان (وشەی موزیکی)٤، ئینجا لە ڕێگەی ڕیتمی پیتەکان و ئاوازی وشەکان جۆرە موزیکێک بۆ خوێندنەوەکە دروست دەکات، لە ڕێگایانەوە هەوڵی تێگەیشتن لێیان زیاد دەبێت و بەدوبارەکردنەوە و سێ بارەکردنەوەشیان توانای ئەزبەرکردنیان ئاسانتر دەبێت، لەلایەکی تریش ئەم تێکستانەی کە ڕیتم و ئاوازی تایبەتیان بۆ دادەرێژرێت و بەم جۆرە ئەزبەردەکرێن ئەوا زۆر درەنگتر لە یادەوەرییەکان دەسڕێنەوە.

زانایانی بواری پەروەردە و داهێنەرانی پرۆگرامەکانی پەروەردەیی کۆک و هاوڕان لەسەر ئەوەی تێکست و شعرەکانی نێو میتۆدەکانی خوێندن بە گشتی و قۆناغی منداڵان و سەرەتاییەکان تایبەت تر، دەبێت زیاتر گرنگ بە وەزن و قافیەی نوسینەکان بدرێت، چونکە خوێندنەوە و ئەزبەرکردنی تێکست و شیعر گرانە تێگەیشتنی لای منداڵ، بەڵام ئەگەر وەزن و قافیەی رێکیان هەبێ ئەوا دەتواندرێت بە ئاسانی ئەزبەر بکرێن و دواتر لە واتا و مانەکەی حاڵی بکرێن. (جابر،2011، 19).

لەگەڵ ئەمەی ڕیتم بەشێکی گرینگە لە ژیانی ڕۆژانەمان و مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە پشتی پێدەبەستێت بۆ زۆر لایەنی ژیان، بەشێکی زۆر گرینگیشە لە بەشەکانی هونەر بە گشتی و موزیک و گۆرانیش تایبەت تر، دەروازەیەکە بۆ خزانە ناوەوە یا سەرەتایە بۆ ئاشناکردنی تاک بە گۆرانی و موزیک، کە ئەمانیش هۆیەکن لە هۆیەکانی پێشکەوتن و پێشخستنی گەشەی ئەدەبی، ڕۆشنبیری، دەرونی، زانین، کۆمەڵایەتی، شارستانی... تادواتر.

لەم ڕوانگەیەوە نیتشە، دەڵێ: (بۆ زانینی ئاستی پێشکەوتن و ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفەی هەر گەلێک تەنها گوێبیستی موزیکەکەیان بە). هەر لەدێر زەمانەوە موزیک و گۆرانی تاکە سەرچاوەی بەهێزی فێرکردن و پەروەردە بونە و دەماو دەم و پشتا و پشت زانیاریەکانیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراونەتەوە. تاکەکان لە ڕێگەی هونەرەکانەوە فێری زانینی نوێبونە و پێشکەوتنیان ئەنجام داوە. هەڵبەتە لەم سەردەمەی ئەمرۆش هونەر بەردەوامە لە دەوڵەمەندکردنی ئاستی رۆشنبیری و زانینمان، ئەوەتا ئەبینین لە ڕێگای داتاشراوەکان و وێنە و موزیک و گۆرانیە فۆلکلۆری و میللییەکانی چەندین سەدەی ڕابردو و دیراسەتکردنیان ڕۆژانە بە زانینی نوێ و زانست و زانیاری تازە ئاشنادەبین.

### ٥,٥,٢ گرینگیدان بە ئەدەبی نوسراوی منداڵان

ئاشکرایە منداڵ لە ڕێگەی ئەدەبی زارەکی و ئەدەبی نوسراودا فێری زانست و زانیاری و پەروەردە و عورف و عادات و تەقالید و بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئاینییەکان دەبێت. لەم ئەدەبەشدا بێگومان زۆر وشە و دەستەواژە هەن منداڵ ناتوانێ بە ئاسانی دەریانبڕێ یا تێیان بگات و ئەزبەریان بکات، بۆیە لە سەرەتادا گرنگی تەواو دەبێ بدرێت بە لایەنەکانی دەربڕین و خوێندنەوەی ئەم دەقە ئەدەبیانە و چۆنیەتی دەربڕینیان بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان، ئینجا تێگەیشتن و ئەزبەرکردنیان، لێرەدا گۆرانی و موزیک بە باشترین ڕێگا هەژماردەکرێن بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، هەڵبەتە ئەمەش پەیوەستە بە چەند خاڵێک کە دەبێ لە نێو دەقە ئەدەبیەکان فەراهەم بێ، وەک:

یەکەم: جۆر و شێوازی دارێشتنی دەقە ئەدەبیەکە، بە جۆرێک بێ کە بتوانێ بە شداربێ لە بونیاتنانی وێناکردنی ڕاستیەکی ژیان لای منداڵەکان.

دووەم: جۆری وشە و ڕستەکان بە جۆرێک بن منداڵ بتوانێ تاڕادەیەکی باش لێیان تێبگات و ئەم وشانە بن کە لەگەڵ پێداویستی ڕۆژانە و تەمەن و ئاستی زانینیان یەکسان بێ.

سێیەم: وشەکان دەبێ بە ڕیتمێکی سادە و رون نوسرابن، تابکرێت وشەکان وشەی سادەبن، واتە کەمترین وشە لێکدراوەکان بەکاربهێندرێن.

چوارەم: سەربەند و دوابەندی (وزن والقافیە)ی، لە نوسینی ئەدەبی منداڵان گرینگترین پێویستیە دەبێ یا واباشترە ڕستەکان بەلانی کەم هەمان قافییەیان هەبێ.

پێنجەم: لە ئەدەبی نوسراوی منداڵان نابێ تەنها ڕەچاوی لایەنە ئەدەبییەکان بکرێت لە تێکستەکان، بەڵکو دەبێ بابەتەکان زیاتر سەربوردە و ئامۆژگاری و حیکایەت بن، تابتوانێ سەرنجیان زیاتر ڕاکێشێت و بەرەو دنیایی خەیاڵ و بیرکردنەوەی فراوانیان ببات، کە ئەمە خاڵێکی زۆر جەوهەرییە لە خاڵەکانی گەشەی زانینی تاک.

هەمو ئەم خاڵانەی سەرەوە باسمانکردن، بەشدار دەبن لە گەشەی زانینی تاک بە گشتی ومنداڵ بەتایبەت تر، زانایان هاوڕان بەوەی منداڵ ئەگەرچی لە سەرەتای خوێندنەوەی دەقە ئەدەبیەکان تەواو حاڵی نابێت، کاتێکی زۆر زیاتری پێویست دەبێ بۆ ئەم حاڵیبونە تەواوەی بە جۆرێک کە لەوانەیە هەندێک لە زانیارییەکان چەندین ساڵ دواتر بوی ڕون بێتەوە کە واتای چییە و بۆچ بەکاردێ، بەڵام دەبێت ئەم جۆرە زانیاریانەش بەشداربن لە دەقە ئەدەبییەکان، چونکە زانست ئەمەی سەلماندوە کە منداڵ خاوەن تایبەتمەندییەکە لە بیرکردنەوە بۆ بیرهێنانەوە ناسراوە بە ( Roto Memory)، واتە دوای ئەوەی کە توانا هزریەکانی گەشە دەکەن و عەقڵی پێدەگات، ئینجا درک بەواتا ڕاستە قینەکان دەکات و لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ زانیاریە پێشوەختیەکانی بە کاتێکی کەمتر و تێچوی کەم زانیاری زۆر ئاشنا دەبێت.

ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لەوڵاتانی عەرەبی بە گشتی و لەناو کورد بەتایبەت، نەبونی ئەم جۆرە شیعر و ئەدەبە دەوڵەمەندەی منداڵانە چ لە دەرەوەی فێرگەکان و چ لە ناوەوەی فێرگە و قوتابخانەکان. ئەمەش بۆتە هۆی دروستکردنی بۆشاییەکی گەورە لەم بوارە، کە بواری پەروەردە و فێرکردنە. نوسەرەکانی بواری پەروەردە و فێرکردنی میتۆدەکان زۆر بەدەگمەن بیریان لەم بوارانە کردۆتەوە و زیاتر کاریان لەسەر لایەنە زانستیە ئەدەبیەکانی نێو پڕۆگرامەکان کردوە، کەمتر لایەنی هزری، جەستەیی، عەقڵی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، فسیۆلۆجی، دەرونی...تادوایی. بەم جۆرەش ڕوئیا و بیرو و بۆچونی داهێنەرانە و بونیاتنەرانە زۆر کەمتر لە دەقە ئەدەبیەکانی منداڵان بەدیدەکرێ، ئەم لایەنانەش زیاتر لە پەرتوکەکان و میتۆدەکانی پەروەردە و فێرکردن هەستیان پێدەکرێت، بەداخەوە لەکاتی گۆڕینی پەیرەو و پرۆگرامەکانی قوتابخانەکانیش ئەم لایەنە ڕەچاو ناکرێن و تەنها بیر لە لایەنی گونجانی وشەکان دەکرێنەوە و دەستەواژەکان ڕێک دەخرێنەوە و گۆڕانکاریان بەسەردادێت.(الهیتی، ١٩٧٧، ٥٦).

زۆرجار بەرنامە و پڕۆگرامە کۆنەکان زۆر باشترن لە بونیاتنانی بیری نوێ، هەروەک چۆن گۆڕانکاری لە پەرتوکی ئەلف و بێی کوردی (باڵدار) داکرا، ئەم میتۆدەی ڕەچاوی گشت لایەنەکانی پەروەردەیی، هزری، زانین،ڕۆشنبیری، ئاینی، نەتەوەیی، جەستەیی، فەلسەفی... تیاکرابو، چەندین نەوەی پێگەیاند، چەندین کەسایەتی و پسپۆڕ و زانا لەسەری پەروەردە بون ئاواز و گۆرانی بۆ زۆربەی بابەتەکان داڕێژرابون و سەرکەوتنی بەرچاوی هەبو لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا، بەڵام دواتر میتۆدەکە بە میتۆدێکی کرچوکاڵ، کەچەند کەسێک بەئەزمونەکی کەمتر و شارەزاییەکی داخراو لە بوارەکە

بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆنفرانسی زانستی و ڕاوەرگرتنی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی بەئارەزوی چێژی تایبەتی و حەزی چەند لایەنێکی حزبی و سیایی گۆڕانکاریان لە میتۆدەکەدا ئەنجام داوە و گشتاندیان بەسەر تەواوی فێرگە و قوتابخانەکان لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندندا کرد و سالآنە هەڵەکانی ڕاست دەکرێنەوە بەهەڵەی نوێتر. ئەمانە نەدەبو دەستکاریان بکرابا، چونکە هەروەک پێشوتریش ئاماژەمان پێیان کرد ئەم جۆرە میتۆدانە هێلی سورن و ناکرێت هەروا بە ئارەزو مەندانە دەستکاریان بکرێت، بەڵکو بۆ گۆڕینی هەر ڕستە و وشەیەک دەبێ چەندین سمینار و سمپۆزیۆم و وۆرک شۆپ و کونفراسی زانستی ئەنجام بدرێن و کەسانی پسپۆڕ لەگشت شار و شارۆچکە و تەنانەت ئەگەر پێویست بێت لەدەرەوەی وڵاتیش بانگهێشت بکرێن و ڕاو بۆچونەکانیان بەهەند وەربگیردرێت.

## ٦,٥,٢ تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی نوسراوی منداڵان

هەروەک لەسەرەوە باسمان لە گرنگ ئەدەبی نوسراوی منداڵانکرد زانایانی بوارەکانی پەروەردەیی گرینگییەکی زۆر بەم بابەتە دەدەن و زۆر بەهەستیارانە مامەڵە لەگەڵ هەر دەستەواژە و وشەک دەکەن کە بۆ تەمەنی سەرەتایی و دەستپێکی منداڵ نوسراوەتەوە و منداڵان لە ڕێگایانەوە ئاشنا دەکرێن بە زانینی نوێی و زانست و زانیاری بۆیە ئەم لایەنە ئەدەبیەش چەند تایبەت مەندیەک لەخۆدەگرێت و نوسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان دەبێ ڕەچاوی ئەم لایەن و تایبەتمەندیانە بکەن کە ئەمانەن:

یەکەم: ڕونی لە دارشتن دەقە ئەدەبیەکان و گفتە زمانییەکان لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئەدەبی نوسراوی منداڵان دەبێت بە وشە و زاراوەی سادە و خاکی بنوسرێتەوە، ئەم وشانە بەکاربهێندرێن کە لەژیانی ڕۆژانە بەکاردەهێندرێن و ئاشنایەتیان لەگەڵ هەیە، نابێ هیچ جۆرە وشەیەکی بیانی لە ئەدەبی منداڵان بەکاربهێندرێت کە ببێتە جێگای سەرسوڕمانی منداڵەکان و شک و گومان لە وشە و هاوتاکانیان پەیدابکەن بەلانی کەم لە بازنەی یەکەمی سەرەتایی کە قۆناغەکانی یەکەم دوەمی سەتایین. هەروەها وشەکان دەبێ واتادارین و وەسفکردن نەبن یا نادیار نەبن، چونکە منداڵ ناتوانێ لەسەرەتای ژیانی لێکدانەوە بۆ وتەکان و دەقە ئەدەبیەکان بکات و وێنای هۆنراوەیی بکات بەڕادەیەکی بەرچاو و زەق. ئەدەبی منداڵان واباشە زیاتر وشەکان وەزن و قافییەیان هەبێت و ئاواز ئامێز و کورت بن جا مەرج نییە بۆ هۆنراوە یا گۆرانی نوسرابن، هەروەک دەبینین لە پەرتوکە پەروەردەییەکان ئەم لایەنە گرنگی زیاتر یان پێدراوە، لەگەڵ ئەوەی هێشتاش کەم و کوڕی زۆریان لێدەبیندرێت.

ئەدەبی نوسراوی منداڵان دەبێت زیاتر وشە گشتگیرەکان بەکاربهێندرێن و بابەتی دەستنیشانکراو زیاتر گشتی بن و ئەم زانیاریانەی بەکاردێن تایبەت نەبن بە شتێکی دیاریکراو زیاتر بتواندرێت ئەم زانیاریانە بن کەبۆ کۆمەڵێک مەرام و لە زۆربەی کات و ساتێک منداڵەکان سودی لێوەربگرن و بەکاریبهێنن. زیاتر باس لە خۆشەویستی، ڕێزگرتن، هاوکاری، پاک و خاوێنی، دەستپاکی ...تادوایی بکەن.

دوەم: دوبارەکردنەوەی چەمکەکان لە ئەدەبی نوسراوی منداڵان دەبێت نوسەر ڕەچاوی ئاستی تێگەیشتن و وەرگرتنی هزری منداڵ بکات و کەمترین دەستەواژە و چەمک و زانیاری نوێ لە بابەتێکی دیاریکراو بەکاربهێنێت، زیاتر کار لەسەر چەسپاندن و ناساندنی چەمکە بەکارهاتوەکان بکات و ڕونیان بکاتەوە و لەسەریان ڕاوەستێت، ناکرێت بابەتی ئەدەبی منداڵان وەک گوتارێکی دور و درێژ بێت. واتە گرنگ و باشی ئەم جۆرە نوسراوانە لە کەم و پوختی و دوبارەکردنەوەی چەمکەکانە و یاریکردن بێت بە چەمکەکان و هەر وشەیەک یا چەمکێک لە چەندین شوێن دوبارە بکرێنەوە، بەڵام هەرجارەی بۆ مەرامێک و وانەیەک بە منداڵەکان ببەخشێت. لێرەدا منداڵ بە سانایی دەتوانێت فێری خوێندنەوە و دەربڕینی وشەکان و ئەزبەرکردنیان بێت.

سێیەم: بەکارهێنانی دەنگە بیستراوەکان لە ئەدەبی نوسراوی منداڵان زۆر گرینگە دەنگە بیستراوەکان بەکاربهێندێن وەک دەنگی بانگدانی کەڵەشێر (قوەقوقوەقو)، دەنگی مەڕەکان (باع)، دەنگی شەمەندەفەر (توت توت چک چک چک چک)، بەکارهێنانی ئەم دەنگانە لەلایەن منداڵ جۆرە خۆشیەکی هەیە و دەقە ئەدەبیەکە بەشێوەیەکی یاری ئامێز سەیر دەکات و پێکەنین و جوڵە دەکەوێتە ناو بابەتەتی پەروەردەییەکە و لەتەواوی ڕۆژانە و لەیارییەکانی لەماڵ و لە قوتابخانەش

دوبارەی دەکاتەوە، بەمەش دەتواندرێت توانای دەربڕینی وشەکان باشتر بکات و خێرایی دەربڕینەکانی کۆنتڕۆڵ بکات و بەکەمترین کات زۆرترین زانیاریش وەربگرێت ئەمە جگە لەوەی بابەتەکەش لەلای شیرینتر دەبێت و ئاسودەیی دەرونی منداڵەکانیش زۆر زیاتر دەبێت لە هەر کاتێکی تر.

چوارەم: ڕاستی و دروستی لە ئەدەبی نوسراوی منداڵان دەبێ نوسەر زۆر و ریایی ئەم بابەتانە بێت کە دەیەوێت ئاماژەیان بۆبکات، دەبێت بابەتەکان واقیعی بن و ڕاستی و دروستی بابەتەکان زۆر ڕون و ئاشکرا بێت، واتە نابێت دور بن لەڕاستی و بابەتی خەیاڵاوی و ئەفسانەیی بەزەقی تێدا بەکارهاتبێت، چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا ئاشنا دەکرێت بەشتەکانی دەوروبەر و ڕۆژانەی، منداڵ بوخچەیەکی نەکراوەی خاڵیە ئەوەندە بەسە بتواندرێت شارەزابێت لەم شتانەی لەڕۆژانە بەرچاوی دەکەوێت و دەیانبینێت و کاریان پێدەکات، هەروەها دەبێت باسەکان زیاتر لە تەمەنی خۆی نزیکبێت و ئەم ڕەفتارانە باس بکرێت کە پێویستە منداڵ لەم تەمەنە جێ بە جێیان بکات و بیان زانێت. واتە ناکرێت لە دەقێکی ئەدەبی نوسراوی منداڵان باس لە سیاسەت و گیان فیدایی بۆ خاک و نیشتیمان بکرێت تا بازنەی دوەم کە قۆناغەکانی (سێ، چوار) دەگرێتەوە، چونکە ئەمان وەک گەورەکان نین و ناتوانن لەمانە تێبگەن، ئەوان دەبێت باسی خۆشەویستی گیانداران و پاک و خاوێنی و ڕێزگرتنی گەورەکان بکرێن لەم تەمەنەدا.

**٧,٥,٢ گۆرانی منداڵان**

گۆرانی گوتن یەکێکە لەم لایەنانەی کەتێگەیشتن و چەمکی زمانەوانی و مێژویی و چیرۆکناسیی بۆ تاک بە گشتی و منداڵ بەتایبەتی دابین دەکات و گشت بەها و ئایدیاکان بە گۆرانی گوتن بۆیان دەسەلمێت، واتە گۆرانی گوتن تەواو پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە. (نیکولاس تاکر، ١٩٩٩، ٢٦). فێربونی گۆرانی لەلایەن منداڵ وەک فێربونی زمان وایە ئەمەش پشت دەبەستێت بە پێشوازیکردنی منداڵ لە دەنگەکان و ناسینەوەیان لە سەرەتادا، گۆرانییەکان سەرنج ڕاکێشترین و خۆشترین لایەنی کلتوری سەرەکین کەسایەتی و داهاتو و هاو ئاهەنگی و هاوسەنگی منداڵەکە تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بەو ڕادەیەی کەزانیاری لێی وەردەگرێت، گۆرانی گوتن لە ڕاستیدا قسەیەکی سیستماتیکە و بەستراوەتەوە بە شوێن و تۆناڵ . گاردنەر دوپاتی دەکاتەوە کە بەهرەی گۆرانی و موزیک یەکەم بەهرەیە کە لەمنداڵدا دەردەکەوێت و ئەم ماوەیەش لە تەمەنی دوەم بۆ پێنجەم گرنگترینە لە گەشەکردنی کارامەیی کۆمەڵایەتی و سۆزداری و بزوێنەر و ڕۆشنبیری منداڵدا و ئەوەش ئەو ئەزمونە موزیکیەی کە منداڵ لەماوەی سێ ساڵی یەکەمی ژیاندا پێیدا تێدەپەڕێت کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی لە موزیک و هەمو ئەو شتانەی کە فێربونی منداڵەکە لە ماوەی پێنج ساڵی یەکەمی ژیانیدا بناغەی هەمو گەشەیەکی پەروەردەیین .

دەرون ناسەکان کۆکن و ڕێک کەوتون لەسەر ئەوە کە منداڵ لە ماوەیەکی کەم توانای فێربونی زۆری هەیە، ئەمانەش بەهۆی تاقیکردنەوە زانستییەکان لە بواری هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەئەنجام گەیەندراون سەلماندویانە کە گەشەی منداڵ لە 50٪ ی پەرەسەندنی ئاسایی لە بیرکردنەوەی مرۆڤ و گەشەی زیرەکیە ئەمەش لەتەمەنی 4 ساڵیدا ڕو دەدات و لە 30٪ لە تەمەنی 4 بۆ 8 ساڵ هەروەها 20٪ ی تەمەنەکانی 8 تا 17 ساڵ. بەپێی ئەم ئەنجامانەش شارەزایان جەختیان لەسەر گرنگیدان بە گۆرانی و موزیک لە باخچەی ساوایان کردۆتەوە، داواکراوە کە باخچەکان ببن بە دامەزراوەیی لە گەشەپێدانی لاوانی ئایندەدا، ئەمەشیان بۆ توانای خێرای منداڵ بۆ فێربون و وەرگرتنی هەر زانیاریەک کردۆتەوە کەلەم ماوەیە فێری دەبن. (باقی، ٢٠٠٩، ٣٥).

دەیڤد سۆن (D.soun) و هاوپیشەکانی پێیان وایە کەلەتەمەنی سێ ساڵیدا شارەزایی منداڵ بۆ پێکهاتەی گۆرانی زیاد دەکات .لەم ماوەیەش دەتوانێت پلانە ناوەکییەکانی خۆی بە پلەی پێویست لەنەرمی و گونجان بەکاربهێنێت، کاتێکیش دەگات بە پێنج ساڵ ئەم گۆرانیە منداڵانەییانەی هەیە کە ناسراون بە گۆرانی (دایەنگا) دەناسێتەوە، واتە ڕۆڵی گۆرانی وتن لە ژیانی منداڵ پێکهاتەیەکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەکردنە کە پێویستە لەتەمەنی منداڵ هەیبێت بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگە و بنەماڵەکەی چالاک و هاوسەنگ بێت بەتایبەتمەندییە گەشە سەندوە دەرونییەکانی، ئەمانەی خوارەوە ڕونکردنەوەی ئەم بوارانەن:

یەکەم: لایەنی هەستەوەری موزیک ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە ڕوی هەستەوە هەر لە ڕاهێنانی گوێ بە بیستن تا دەربڕینە سۆزیەکان، لەم ڕێگایەوە هەڵسەنگاندن لە نێوان هاندەرە دەنگییە جیاوازەکان و پەرەدان بە هاوسۆزیی ماسولکە دەدات، جۆرێک لە گونجانی جەستەیی و دەستەبەرکردنی فێرکار بە کۆمەڵێک شارەزایی کە لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە، لەڕوی جەستەیی و ماسولکەییەوە زاڵە وەک ئەوەی لە حاڵەتی ژەنینی ئامێرە موزیکییەکانیش سەرکەوتوە.

دوەم: لایەنی ئەقڵی هەڵسەنگاندنی کارێکی موزیکی، تێگەیشتنی هەستداری گەشە پێدەدات. بە کوالێتی یان لاوازی لە ڕوی لێکچون یان جیاوازی لە ڕوی پێکهاتەی موزیکی، گەشەکردنی توانای چاودێری کردنیش پێکدێت لە پەرەدان بە کۆمەڵێک کارامەیی موزیکی بەرز وەک: هەڵسەنگاندنی ڕەوایەتی کارێک یا ڕودانی چەند هەڵەیەکی دیاریکراو ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ سەرنجدان، هەروەها کاردەکات بۆ پەرەپێدانی توانای خوێندنەوە و پەرەسەندنی توانای ڕێکخستنی لۆژیکی و گەشەپێدانی بیرگەی بیستن، چ بە یاریکردن لەبیرگە و چ بە دوبارەکردنەوەی ڕستەکانی میلۆدییەک یان موزیکێکی ریتمی، چونکە توانای فێرکار بۆ دوبارەکردنەوەی ڕاستی زیاد دەکات، پەرەپێدانی هەستی، کاتی فێرخوازان و پەرەپێدانی توانای داهێنان و زیادکردنی زانیاری موزیکی وەک زانستێک ئەسڵ و ڕێسای خۆی هەیە کە دەرەنجامی زانینی خۆدی زیاد دەکات و فێری بابەتەکانی تری باشتر دەکات.

سێیەم: لایەنە سۆزیەکانی موزیک کاریگەری لەسەر مەزاج و سۆز و پێکهێنانی مەیلی هونەری لە منداڵاندا هەیە، ئەم مەیلانە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ڕەفتاردا و موزیکش کاریگەری لەسەر کۆنترۆلکردنی هەستە جیاوازەکان لە شێوازی گوێگرتن و وروژاندنی هەستە پەسەندەکان وەک خۆشی و ناخۆشی و هاوبەشیکردنی سۆزداری وەک کاری موزیک بۆ دروست کردنی هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر بە هونەری موزیک و کاری هونەری و ئاوازدانەر.

چوارەم: لایەنە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان موزیک دەبێتە هۆی پێکهێنانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەو قوتابخانەیەی کە کۆیان دەکاتەوە ئامانجە هاوبەشەکان، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گواستنەوەی کەلەپوری کەلتوری و جوانکاریی کۆمەڵگا بۆ نەوەکانی گەنج و لەئەنجامدا، ڕۆڵێکی گرنگ لە ئامانجە نەتەوەییەکاندا بگێڕێت و بەشداری لەدامەزراندن و چەسپاندنی بەها ئاینییەکان بکات، هەروەها موزیک ڕۆڵێکی گرنگی خۆشی دەگێڕێت وەک ڕێگایەکی فراوان و بەسود و چێژبەخش بۆ بەسەربردنی کاتی خۆش.

پۆلێنکردنی گۆرانی منداڵان ئەدەبی منداڵان و گۆرانی وتن بە تایبەتی پەیوەندیەکی نزیکی بە خێزانەوە هەیە، باپیر و داپیرە و باوک و دایک بۆ منداڵەکانیان گۆرانیان گوت، چونکە گۆرانی گوتن پەیوەندی بە پەروەردە کردنەوە هەیە، لەهەمان کاتدا ئەدەبی منداڵان بەرهەمی ئەدەبی کە لەگەڵ منداڵدا بگونجێت بەپێی ئاست و تەمەن و توانای تێگەیشتن و چێژ، بەپێی سروشتی تەمەن ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین، ئەدەبی منداڵان هێندەی دایکایەتی و منداڵی کۆنە، لە هەر شوێنێک دایکایەتی و منداڵی و مرۆڤایەتی هەبێت پێویستە ئەدەبی منداڵان و گۆرانی و موزیک هەبێ، دەکرێت گۆرانی منداڵان دابەش بکرێت بۆ گۆرانی بەناوبانگی منداڵان و گۆرانی هونەری منداڵان، بەڵام هەر جیاوازە و لێکجیاکراوەیە لەگەڵ بەشەکانی گۆرانی لای گەورەکان. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە بایەخدان بە منداڵەکان زیادی کردوە و حەزی گۆرانیبێژانی کورد لە گۆرانییەکاندا سەریهەڵداوە بۆ منداڵەکان بەهۆی بازاڕە بەناو بانگەکەی شۆشیال میدیاکانەوە وەک ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ئەپلیکەیشنەکانی یوتوب و تیکتۆک ...تادوایی لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا هەندێکیان گۆرانیان بڵاو کردەوە کەتێیدا منداڵان پێکەوە گۆرانیان دەگوت و دواجار لەسەر سی دی و شریتەکانیش دەرکەوتن بەشێکی زۆر لەمانە، ئەم کاتە گۆرانی منداڵان لە دەزگای ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنە کوردییەکان پەخش دەکران لە تەواوی جیهان بەهۆی سەتەلایتەکانەوە، ناوەڕۆکی ئەم گۆرانییانە سەبارەت بەنیشتمان و ڕێزی دراوسێ و سەرقاڵبون بە بابەتی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە گۆرانییان و توە و ئاڵوگۆری کەلتوری نێوان وڵاتانی عەرەبی و جیهانی بەشداری کردوە لە دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی گۆرانی منداڵان. لەهەمان کاتدا تەلەڤیزیۆن وکەناڵە کوردستانیەکان دەستیان بە ئاراستەی خودی کرد بۆ بەرهەمهێنانی گۆرانی منداڵان، ئەم ئاراستە کردنەش لەساڵانی حەفتاکان هەبو لە تەلەفزیۆنە لۆکالییەکان و ڕادیۆی بەغدا دەنگی کوردی چەندین بەرنامەیان بەرهەم هێنا کە لەگەڵ گۆرانی منداڵاندا کە ئامادەکرابون بۆ خزمەتکردنی لەوانە پەلکەزێرینە و فرۆشگای یاری و شەمەندەفەر و وێستگەکان و لەنەوەتەکانیش دوای کردنەوەی کەناڵ و تەلەفزیۆنە

كوردییەكان چەندین گۆرانی منداڵان بەرهەم هێنراون بەشداریكردنی خوێندنگە حكومیەكان و چالاكی قوتابخانەكان گۆرانییەكان بەشێوەیەكی بەرچاو ڕۆڵیان هەبو لەبەرەو پێش بردنی كۆمەڵگە و زانینی منداڵان لەلایەنی هزری و جەستەیی، هەروەها فیستیڤاڵی گۆرانی منداڵان كە لەدو هەزارەكان دەستی پێكرد كاریگەرییەكی زۆری هەبو لە دانانی دامەزراوە و دەزگای تایبەت بە منداڵان و ڕاهێنانیان بە گۆرانی و موزیك و هاندانیان بە دروستكردنی گروپی منداڵان بۆ چالاكیە هونەریە جۆراو جۆرەكان.

## ئەنجام

لەمیانەی توێژینەوەی بنەما سەرەكیەكانی گۆرانی و موزیك و پەیوەندیان بە ئەدەبی منداڵان و بونیادی زانینی منداڵ لە پەروەردە و فێركردن دا گەیشتین بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

١- گۆرانی و موزیك زۆر گرنگن بۆ هێوركردنەوە و ڕاهێنانی منداڵ و مانەوەیان بەئارامی و لەسەرەخۆیی لە نێو پەروەردە و فێركردن، هەروەها بەیەكێكە لەگرینگترین دەستكەوتە پەروەردەییەكان لەتەمەنی سەرەتایی هەژمار دەكرێن.

٢- فراوانكردنی ئاستی زانین و هزری منداڵ بە گۆرانی و موزیك، لەبری خوێندنەوە و نوسینی وشە و پیتەكان لە سەرەتای دەستپێك لە قۆناغەكانی دایەنگە زۆر كاریگەرتر و خێراترە لە كاریگەری فێركردن و نوسینەوەی پیتەكان.

٣- دەتواندرێت هەستەكانی بینین، بیستن، گوتن، جوڵە لە منداڵ لە ڕێگەی گۆرانی و موزیك بەرەوپێش ببردرێن، لەئەنجامی جێبەجێكردن و پراكتیزەكردنی بابەتە هونەرییەكان بەگشتی و گۆرانی و موزیك بەتایبەتی.

٤- زیندو مانەوە و ئاشناكردنی منداڵ بە كەلتور، دابونەریت، زمان، ئاین، سروشت، نەتەوە، نیشتیمان لەڕێگەی گۆرانی و موزیك بە سەركەوتوترین هەنگاوەكانی چەسپاندنی زانیاری هەژماردەكرێن لە ناوەندەكانی خوێندن، بۆ منداڵانی قۆناغی سەرەتایی، بەتایبەتی بازنەكانی یەكەم و دوەم.

## پێشنیار

١- گرنگی دان بە بەكارهێنانی گۆرانی و موزیكی فۆلكلۆری و میللی لەپرۆسەی پەروەردە و فێركردن هاوكاری سەرەكیی دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی زانینی تاك و دەبێت بە بەهێزكردنی كەسایەتی لە منداڵ، بە پشت بەستن بە بیرۆكە و فەلسەفەكانی هەریەك لە قوتابخانە ڕۆژهەڵاتییەكانی وەك (كۆدای، سوزوكی، كارڵ ئۆرف).
٢- گرینگیدان بەڕاهێنانی منداڵان و زیادكردنی ئاستی زانینی لە قۆناغەكانی داینگە و باخچەی ساوایان و سەرەتاییەكان و پەروەردەكردنیان بە گۆرانی و موزیك، بۆ دروستكردنی تاكێكی ئارام و لەسەرەخۆ و داهێنەر.
٣- دانان و ڕێكخستنەوەی میتۆدی سرود و گۆرانی تایبەت بە خوێندنگاكان و گشتاندنی بەسەر تەواوی ناوەندەكانی خوێندنی میری و تایبەت.

## ڕاسپاردە

١- دەبێت زیاتر گرنگی بە تەرخانكردنی هۆڵ و تاقیگەی موزیكی لە نێوەندەكانی پەروەردە و فێركردن بدرێن تا منداڵان بتوانن بەشداربن لە بەرەوپێشبردنی نیشتیمان.
٢- كردنەوەی دەزگای میری تایبەت بە نۆتەكردن و شیكردنەوەی گۆرانی و موزیكی فۆلكلۆری و میللییە كوردییەكان و بەكارهێنانیان لە میتۆدی خوێندن لە ناوەندەكانی خوێندن.

٣- فراوانکردن و زیادکردنی بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان و تەرخانکردنی پێشینە بۆ بەهێزکردنی لایەنی ئابوری ئەم ناوەندە هونەریانە، بەمەبەستی کردنەوەی خولی هاوینە و پڕ ئامێرکردنی قوتابخانەکان و تۆمارکردنی بەرهەمەکانی گۆرانی و موزیکی منداڵان و کردنەوەی پێشەنگا پێشکەشکردنی شانۆگەری منداڵان و هاندانیان بۆ خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و دەقە نوسراوەکان و چیرۆک، هەروەها ڕاهێنانیان بە بابەتی دابونەریت و عورف و عاداتی کۆمەڵایەتی ڕەسەن و ئنتیمای نیشتیمانی.

**٦,٢ سەرچاوەکان**


ئەمین، محمد عمر(٢٠٠٩) پێگەکانی موسیقای ڕۆژهەلات (مەقام) کۆماری عیراق فیدراڵ، چاپخانەی هیوا.

باقی، محمد حەمە(٢٠٠٩): مێژوی موزیکی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، دەزگای موزیك و کەلەپوری کورد، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

باکوری، ئەندەریۆس میخائل خمو(٢٠٠١) گۆرانیبێژە نەمرەکان، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

جەلیل، جەمیلە (١٩٩٨) گۆرانیە میللییەکانی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

حەداد، ئازاد (١٩٧٩) چریکەی ڕۆژگار، کورتە باسێك دەربارەی موزیك و گۆرانی، چاپخانەی ڕاپەڕین . سلێمانی.

زامدار، محمود (١٩٨٠) دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی دار الحریە، بغداد.

شاربازێری، عسمان(١٩٨٥) گەنجینەی گۆرانی کوردی، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، چاپخانەی زەمان، بەغداد.

أبو المجد، أحمد محمد ، هدى محمد قناوى(٢٠١١)، نبيل عبد الهادى شوره: الموسيقى وأهميتها في علاج الاضطرابات السلوكية لدى أطفال الروضة، مجلة كلية التربية – جامعة بورسعيد، العدد التاسع  الجزء الأول يناير.

ابراهيم، وفاء(1997) الوعى الجمالي عند الطفل، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب.

تاكر، نيكولاس(1999) الطفل والكتاب، وزارة ثقافة سورية، دمشق.

الجويني، مصطفى الصاوى(1982) اغاني ترقيص لااطفال عند العرب، مؤسسة حورس الدولية، اسكندرية.

حلاوة، محمد سيد(2000) الادب القصص للطفل، مؤسسة حورس الدولية، اسكندرية.

رضا، سعد ابو(1993) نص الادبي للاطفال، دار البشير، عمان اردن.

زلط، احمد(2005) في ادب الطفل المعاصر قضاياة واتجاهاتهونقده.

طه، لبنى عبد الغفور(2018) المنظور المعرفي للإحماء في التدريب الصوتي، مجلة الأكاديمي، العدد 89.

عباس، حبيب ظاهر(1986) نظريات الموسيقى، وزارة ثقافة والاعلام، دائرة الفنون الموسيقية، مطبعة دار الحرية، بغداد.

فريد، طارق حسون(2005) نظريات وطرائق تحليل الموسيقى العربية، ،وزارة التعليم العالي والبحث العلمى، جامعة بغداد، كلية فنون الجميلة، مطبعة الدار الجامعية للطباعة والنشر والترجمة.

فريد، طارق حسون(2008) تدريب الصوت البشري، الجزء الاول، من اصدارات المركز العراقي للدراسات الموسيقية المقارنة، بغداد.

كارل، جين(1994) كتب الاطفال ومبدعةها، وزارة الثقافة في الجمهورية العربية السورية، دمشق.

الكفاوين، هاشم عبدالسلام (2021) الاداء الصوتى وفنونه، معهد الجزيرة للاعلام، الطبعة الاولى، قطر.

نجيب، احمد(1970) المضمون في كتب الاطفال، دار الفكر العربي للطباعة والنشر.

الهيتي، هادى نعمان (1977) الادب الاطفال فلسفته، فنه، وسائطه، دار الشؤن الثقافة العامة، بغداد.

یوسف، عبدالنواب (1998) طفل ماقبل المدرسة ادبه الشفاهي والمكتوب، دار المصرية اللبنانية، مطبعة الفنية.

عبدالحق، زهرية ابراهيم(2011) تقويم اناشيد الاطفال المقررة في كتب اللغة العربية للصفوف الاربعة الاولي من التعليم الاساسي، مجلة جامعة القدس، عدد 24.

محمد، طارق اسماعيل(2013) تصميم منتجات ذوى الاعاقة البصرية (مجليا) في ضوء صعوبات التعليم، مجلة الطفولة والتنمية، العدد الخامس، رقم 20.

محمد، كونا قادر(2020) اهمية اغاني الاعاب الشعبية الكوردية في بناء شخصية الطفل، مجلة الاكاديمية، العدد 96.

ناصر يوسف جابر(2011) ادب الاطفال دراسة في المفهوم، مجلة جامعة ام القرى للعلوم واللغات وادابها. العدد6.

**پەراوێز**

١ بستالوتزی ١٧٤٦-١٨٢٧ (Pistalutsi) زانایی پەروەردەیی سویسری ناسراو دامەزرێنەری دو دامەزراوەی پەروەردەییە بۆ فێرکردنی منداڵ، لەگەڵ پەیمانگەیەک، لەبواری پێگەیاندنی دایەنەکانی دایەنگەکان کە بە هاوبەشی لەگەڵ زانای ئەڵمانی (فرۆبڵ) کاری بەڕێوەبردنەکەیان ئەنجام دەدا. کە ئەویش دامەزرێنەری سەرەکی بیرۆکەی پێگەیاندنی دایەنەکانە. فەلسەفەی بستالۆتزی لەم بوارە زیاتر گرینگیدان بو بە (بەستنەوەی چالاکیە موزیکییە جۆراوجۆرەکان بەدروستکردن و پتەوکردنی کەسایەتی منداڵ. (الملط: 1987، 15).

٢ فریدریک فلهلم فروبڵ ١٧٨٢-١٨٥٢ (Froble) زانایەکی پەروەردەیی ئەڵمانییە جەخت لە بەکارهێنانی موزیک و یاری دەکاتەوە لە پەروەردە و فێرکردندا. پێیوایە کە موزیک و وێنەکێشان دو لایەنی گرنگن لە تەواوکردنی پێکهاتەی جەستەیی و عەقلی منداڵ، لەتەمەنی سەرەتاییدا، فرۆبل دەڵێت منداڵ ژیان لەم شتانە دەبینێت کە لە جیهانی ئەودا بونیان هەیە نەک جیهانی گەورەکان. (الملط، 1987، 22).

٣- جان جاک روسو ١٧١٢-١٧٧٨م، (Rousseau) لە یەکەمەکانی بواری پەروەردەیی هەژماردەکرێت کە توێژینەوەی لەسەر باشترین جۆرەکانی گۆرانی و موزیک کردوە بۆ پەروەردە و فێرکردن، لە قۆناغە جیاجیاکانی منداڵ، هەروەها توانیویەتی بوار بە گشت منداڵان بدات کە مومارەسەی گۆرانی و موزیک بکەن، هەریەکە و بەپێی توانای خۆی و لێهاتویی بەدەربڕینی دەنگە موزیکییەکان و گۆرانی میللییە ڕەسەنەکان. هەروەها توانیەتی ئاسانترین ڕێگاکانی پەروەردەیی بخاتەڕو بۆ فێربون لەڕێگەی هونەرەکان. فەلسەفەی ڕۆسۆ بەوە ناوبانگی کردوە کە دەڵێت: (ترغب الطبیعة في ان یکون الاطفال اطفالا قبل ان یکنوا رجالا، ای ان التربیة في مرحلة الطفولة یجب الا تعدو او تتجارز تربیة الحواس عند الطفل. خیري ابراهیم الملط: التربیة الموسیقیة الشاملة بین ریاض الاطفال والتعلیم الابتدائي. (الجویني، 1982، 33).

٤- وشەی موزیک (word music) واتە ئەم وشە ڕیتمیە ڕێکوپێکانە دەگرێتەوە، کە سەرەتا و کۆتاییان (سەروا و قافیەیان)، وەک یەکن، یا لەیەکتری نزیکن.